هاوکاری

التضامن

ژمارە (١٥٤) ١٦-٢-١٩٧٣

نرخی (٢٠) فلسە

تەلەفون ٢٠٣٦٥

رۆژنامەی « الثوره الفلسطینیه » ستایشی سیاسەتی عیراقی کردوە

بیروت : ئا٠د٠ع : رۆژنامەی «الثوره الفلسطینیه» ئۆرگانی شۆڕشی فەلەستین لەژمارەی رۆژی ١٤-٢دا ستایشی بڕیارەکەی حکومەتی عیراقی کردوە کە ٤ ملیون دۆلاری بۆ شوڕش‌وخێزانی شەهیدانی فەلەستین تەرخان‌کردوە • رۆژنامەکە وتویە ، عیراق بەم بڕیارەی سەلماندی کە بەکردەوە پشتگیری گەل‌و شۆڕشی فەلەستین ئەکات •

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتیە

لە دار الجماهیر دەردەچێ‌و لە دار الحریە چاپ‌ئەکرێ

عیراق لە کۆنگرەی وەزیرانی راگەیاندنی عەرەبدا بەشدار ئەبێ

رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو کاك حامد الجبوری وەزیری راگەیاندن‌و کاك سعد قاسم حمودی سەرۆکی ئەنجومەنی بەریوەبردنی - دار الجماهیر - و نەقیبی رۆژنامەنوسان وە کاك طه البصری جی‌گری بەریوەبەری گشتی ئاژانسی دەنگوباسی عیراق بەفرۆکە بەرەو قاهیرە کەوتنەرێ بۆ بەشدار بوون لە کۆنگرەی وەزیرانی راگەیاندنی عەرەب کە بڕیاروایە سبەینی - شەممە - لەقاهیرە بگیرێ •

ئا٠د٠ع

دەوڵەتانی رۆژئاوا دەست لە یاریدەدانی ئیسرائیل هەڵناگرن

ئەمەریکا دووچاری تەنگوچەلەمەیەکی ئابوری سەخت بووە

جەنەرال گیاپ : راگیرکردنی ئاشتی پێویستی بە خەباتێکی بێ‌وچان هەیە

تێکشکانی پیلانە ئاشکراکانی ئیمپریالیزم خەباتێکی شۆڕشگێڕی یەکگرتووی ئەوێت

وا دیارە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا کەیشتوتە ئەو باوەڕەی کە زەمینەی رۆژهەڵاتی ناوەراست‌و هێزو وزەی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی لەو ئاستەدان کە ئیتر نەخشەو پیلانەکانی دەربارەی مەسەلەی فەلەستین‌و بزوتنەوەی نیشتمان‌پەروەرانەی ناوچەکە بخەنە روو وە بەئاشکرا هەنگاو بەرەو جێ‌بەجێ‌کردنیان بەرەوپێش بنێن • بۆیە وا مەلیك حسەین پێش کۆڵدا مائیر ئەچێت بۆ ئەمەریکاو لەگەڵ نیکسون‌دا کۆئەبێتەوەو بەئاشکرا باسی رێککەوتنی یەکلانەو دوولانەو چەند لانە لەگەڵ ئیسرائیل‌دا ئەکات‌و بێ ئابڕوانە ئەڵێت : « تاکو ئیسرائیل بەخۆشی بژیت پێویستە دەست لە بەشی رۆژئاوای روباری ئەردەن‌و قودس هەڵگرێت ئەگینا دەوڵەتێك ئەبێت لەگۆمی رق‌و کینەدا ئەژی ! » هەرچەندە مەلیك حسەینی رۆڵەی مەلیك عەبدوڵلاو دەستنێژی ئینگلیز هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان ئەکرێت بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هیچ نەبێت خۆی‌و هەموو نۆکەرانی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستانی ناوچەکە چ عەرەب یا هی‌تر گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە لەو دەسەڵاتەدان بەئاشکرا نەخشەکانی خۆیان بە یارمەتی ئیمپریالیزمی ئاغایان جێ‌بەجێ‌بکەن • بۆیە ئەبێ هێزە پێشکەوتن‌خوازو نیشتمان‌پەروەرو حکومەتە نیشتمان‌پەروەرەکان بایەخێکی زۆر بەم گەشتەی مەلیك حسەین بدەن‌و بە سەرەتای دەستپێ‌کردنی ئاشکرایانەی پرۆژەکانی ئیمپریالیزم‌و زایونیزمی بزانن دژی گەلی فەلەستین بە تایبەتی‌و گەلانی رۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەراست بە کوردو عەرەب‌و تورك‌و فارسەوە بەگشتی •

وەکو ئەزانین ئەو پیلانانەی دژی پێشمەرگەکانی کەلی فەلەستین‌و زەفارو یەمەنی دیموکرات‌و گەلانی عەرەبی خلیج‌و بزوتنەوەی شورشگێری گەلانی ئیران‌و هەموو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کراو هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی دەزگای سەربازیی ئیران‌و یاریدەدانی رێژیمە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو جم‌وجوڵ‌و سەردانەکەی رۆجەرزی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە شێخ نشینەکانی عەرەب ، هەمووی خۆئامادەکردن بوو لە پێناوی هاتنەدی ئەم قۆناغەدا کە ئەمەریکا دوای خۆرزگارکردن لەجەنگی ڤیتنام رووبکاتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و پەلاماری دەوڵەت‌و هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتن‌خوازەکان بدات‌و سەرلەنوێ وڵاتانی ناوچەکە بە پاشکۆی ئەمەریکاوە ببەستێتەوەو دەست بەسەر ئابوری ناوچەکەدا بگرێت بە تایبەتی بەسەر نەوتدا کە چەند ساڵێکی‌تر ئەمەریکا ئەبێ ٥٠٪ی نەوتی پێویستی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەست کەوێت •

لەبەر ئەوە گەلانی ناوچەکەو هێزە پێشکەوتن خوازەکانی بەرەو دوارۆژێکی سەختی پڕ تەنگ‌و چەلەمەی نزیك ئەچن ، دوا رۆژێکی نزیکی ئەوتۆ کە بۆ ماوەیەکی دوور چارەنوسی ئەنجامەکانی بزوتنەوەو شۆڕشگێڕی‌یەکانی تیا دەستنیشان ئەکرێت‌و کێشەی گەلانی رۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەڕاست لەگەڵ ئیمپریالیزمدا بەلایەکدا ئەکەوێت •

سەرەڕای ئەوەی دڵنیاین لەوەی گەلانی عەرەب‌و گەلانی ناوچەکە بەگەلی کوردیشەوە لە رووی هوشیاری سیاسی‌و شۆڕشگێڕی‌یەوە گەیشتونەتە ئەو ئاستەی کە بەئاسانی پیلان‌و نەخشەکانی ئیمپریالیزمیان بەسەردا تێ‌نەپەڕێت‌و هەموو لەخەباتێکی سەختدان دژی ئیمپریالیزم‌و رێژیمە کۆنەپەرست‌و هێزە بەکرێ‌گیراوەکان بەڵام دەست‌نیشان‌کردنی نەخشەکانی ئیمپریالیزم‌و خۆئامادەکردن بۆ لەناوبردنیان رێگای خەبات نزیکترو قوربانی کەمترو سەرکەوتن ئاسانتر ئەکاتەوە •

● رۆژی ١٢ی ئەم مانگەسەرەك کۆمار کاك احمد حسن بکر لەبارەگاکەیا لە کۆشکی جمهوری پێشوازی بوهسلاف شنوبیك وەزیری دەرەوەی چیکوسلوفاکیای کرد وە لەکاتی چاوپێ‌کەوتنەکەدا کاك مرتضی سعید عبدالباقی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و وەزیری دەرەوەنامادەبوە • وە دوای چاوپێ‌کەوتنەکە شنوبیك وتویە کە سلاوی سفوبۆدای سەرۆکی کوماری سوشیالیستی چیکوسلۆفاکیاو گوستاف هۆساکی سەکرتیری گشتی پارتی کومونیستی گەیاندوە بە سەرەك کۆمار • وە هەردوو لا باسی گرنگی پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی هەردوو وڵاتیان کردوە ●

جەنەرال گیاپ : راگیرکردنی ئاشتی بەخەباتێکی بێ‌وچان ئەبێت

هانۆی : ئاژانسەکان : جەنەرال فونگوین گیاپ وەزیری بەرگری کۆماری دیموکراتی ڤیتنام رۆژی ١٣-٢ لەوتارێکدا کە لە ئیستگەی رادیۆی هانۆی خوێندویەتیەوە وتویە :-

دوای تێپەڕبونی ٦٠ رۆژ بەسەر مۆرکردنی ریککەوتنامەی وەستاندنی شەڕا ، دوا سەربازی بێگانە خاکی ڤیتنام بەجێ‌ئەهێڵێ • ئێجا جەنەرال گیاپ باسی ئەوەی کردوە کە چۆن ئیمپریالیزمی فەرەنسا‌و ژاپۆن‌و ئاقمی کای چیك‌و سەرلەنوێ فەرەنسا‌ییەکان ئێجا ئەمەریکا ، ڤیتنامیان داگیر کردوەو وتویە :

باری ئیستای خواروی ڤیتنام زۆر لە زرونی دوای ساڵی ١٩٥٤ جیاوازتره ، چونکە ناوچەیەکی زۆر لەشکرێکی دڵێری تیایەو حکومەتی وەختی حوکمرانی تیا ئەکات‌و پشت ئەستورە بە گەلەکەی‌و لەمەیانی دەوڵەتاندا شوێن‌و پایەیەکی بەرزی‌هەیە •

هەروەها جەنەرال گیاپ وتویە : تاوەکو ئیستاش هێزێکی عەسکەری دوژمن لە خواروی ڤیتناما هەیەو دار‌دەستی ئیمپریالیزمی نوێیە ، وە هەرچەندەش بڕیاری چەسپاندنەوەی ئاشتی دراوە ، بەڵام بەردی بناغەی دامەزراندنەوەی ئەم ئاشتی‌یە بەتەواوەتی جێگای خۆی نەگرتوەو تاوەکو ئیستا بەچاکی نە چەسپێنراوە ، جابۆیە ئەبێ هوشیارو مۆرکردنی ریککەوتنی جنێڤی لەخوارو رزگارکراوەو ئاگاداربین‌و والە دوژمن بکەین کە ریککەوتننامەکە جێ‌بەجێ‌بکات • وەئیمە بەش بەحالی خۆمان بڕیارو بەڵێنمان داوە کە ئەم ریککەوتننامەیە جێ‌بەجێ‌بکەین ، وە هەموو تەقەللایەکی دوژمنانە کەبدرێت بۆ پێ‌شیل کردنەوەی ئەم ریککەوتننامەیە مایە پوچ کەین •

وتووێژی نێوان عیراق‌و چیکۆسلۆڤاکیا

هەفتەی رابوردو وەفدێکی چێکۆسلۆڤاکیا بە سەرۆکایەتی بۆهسلاف شنوبیك وەزیری دەرەوەی چیکوسلۆڤاکیا بەسەردان هات بۆ عیراق وە لەگەڵ کاك مرتضی سعید عبدالباقی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌ووەزیری دەرەوە دەربارەی پەیوەندی دور قۆڵی هەردوو وڵات‌و باری ناوچەی عەرەب‌و مەسەلەکانی ئیستای دەوڵەتان گفتوگۆیان کرد • وەرۆژی چوار شەممە وەفدەکەی چیکوسلۆڤاکیا سەری لەشاری موصل داو لەوێ لەلایەن کاك سعدی عیاش عریم پارێزگاری موصلەوە پێشوازی کراو دوای پشودانێك سەریان لەچەند شوێنێکی شارەکەداو ئینجا گەڕانەوە بەغدا •

دەوڵەتانی رۆژئاوا دەست‌لە یارمەتی‌دانی ئیسرائیل هەڵناگرن

نەتەوە یەکگرتوەکان • ئەسۆشیتدپریس : رۆژی ١٣ی ئەم مانگە ئەنجومەنی پەرەپێدانی دەوڵەتان بەناوی یارمەتی‌یەوە بڕیاری داوەکە ٥ ملیون دولار بە ئیسرائیل بدات • وە دەزگای هەمیشەیی عیراق لە نەتەوە یەکگرتوەکان بەناوی خۆیی‌و لەجیاتی وڵاتانی عەرەب بەیاننامەیەکی دەرکردوە تیایدا توڕەیی خۆی بەرامبەر بەم ئیشەی ئەنجومەنی ناوبراو دەربڕیوەو وتویە : ئیسرائیل بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەخاتە ژێر پێ‌وەو دەستی بەسەر خاکی عەرەبا گرتوەو سامانە سروشتی‌یەکانی بەتاڵان ئەبات • هەروەها ئەو یارمەتیە عەسکەریەی ئیسرئیل لە ئەمەریکاو حکومەتەکانی ئەوروپا وەری ئەگری هانی ئەدات کە زیاتر دەستدرێژی بکاتە سەر وڵاتانی عەرەب • وە وتویە ، ناردنی یارمەتی بۆ ئیسرائیل ئەبێتە هۆی ئەوەی ئیسرائیل درندانەتر دەستدرێژ بکاتە سەر گەلانی عەرەب •

کیسنجەر گەیشتە پەکین

رۆژی پێنج شەممەی رابوردو دکتور هنری کیسینجەر راوێژکاری کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆکی ئەمەریکا بە سەردانێکی پێنج رۆژی چوو بۆ پەکین • وە لەوێ لەگەڵ سەرکردەکانی کۆماری گەلی چین گفتوگۆ ئەکات • ئاژانسی دەنگوباسی رویتەر ئەڵێ : کیسینجەر لەسەردانەکەیا باسی کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە تایوان ئەکات لەگەڵ دامەزراندنی جۆرێك لە پەیوەندی دیپلوماسی لەنێوان واشنتۆن‌و پەکین‌دا • وەکو زانراویشە کیسینجەر گەشتێکی بە پانکۆك‌و هانۆی‌و هونگ کونگا کردووەو لەگەڵ سەرکردەکانی ئەم وڵاتانە دەربارەی باشە رۆژی پەیوەندی ئەمەریکا دوای نەوەی کوتایی بە شەڕی و ئەم وڵاتانە دراوە ، بەتایبەتی ڤیتنام هات •

رویتەر

ئەمەریکا نرخی دۆلاری کەم کردەوە

واشنتون : ١٣-٢ ئاژانسەکان : ئەمەریکا ناچار بو کە جارێکی‌تر دیسانەوە ئیمپریالیزمی پەردە لەسەر رووی راستەقینەی باری ئابوری‌و دارایی لابدات‌و دان بەو گیروگرفتانەدا بنی کە دووچاری هاتوە ، ئەوەبو جورج شولتز وەزیری دارایی ئەمەریکا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا بڵاوی کردەوە کە واشنتون ناچاربوە نرخی دولار بەرادەی ١٠٪ کەم کاتەوە بەهیوای ئەوەی لەو گیروگرفتە دارایانە سەرفراز ببێ کە دووچاری هاتوە ، هەروەها وتویە کەم کردنەوەی نرخی دولار بە زیادکردنی نرخی ئالتون بوە ، لەمەوبەر بە ٣٨ دولار (ئوقیەیەك) ئالتون ئەکررا ئیستاکە بە ٤٢ دولارو ٢٢ سنت (ئوقیەیەك) ئالتون ئەکرێت •

دەنگ دانەوەی ئەم بڕیارە

لەلایەکی‌ترەوە ، ئەم بڕیارەی ئەمەریکا لە سەرانسەری دنیادا دەنگی‌داوەتەوەو کارێکی گەورەی کردۆتە سەر بازاڕی پارەی دەوڵەتان • وە شولتز لەم بارەیەوە وتویە : یەنی ژاپونیاش گوڕاوەو لەمەوبەر دولارێك ٣٠٨ یەن بو ئیستاکە ٢٧٧ یەنە • هەروەها وتویە ، هەرچەندە کەم کردنەوەی نرخی دولار ئەبێتە هۆی زیاد بونی نرخی ئەو کەلوپەلە کەرەسەیەی ئەمەریکا لەدەرەوە ئەیهێنی و ئەم بونەوەی ئەو شتانەی ئەینێرێتە دەرەوە بەلام ئەمە دەرفەتێکی باش لەمەیانی تیجارەتدا بۆ ئەمەریکا دێنێتە پێشەوە •

کورتە هەواڵ

● **بەلگراد : ئا٠د٠ع : حکومەتی یوگوسلاڤیا بڕیاری داوە کە نەوت لە لیبیا بکرێت • وە بەپێ هەواڵەکانی بەلگراد یوگوسلاڤیا تاوەکو ساڵی ١٩٧٧ بایی ١٠٠ ملیون دولار نەوت لە لیبیاوە وەرئەگرێ •**

● **بەنغازی : ر • ئا٠د٠ع : سەرهەنگ معمر القذافی سەرۆکی لیبیا لە کۆبونەوەیەکی‌یەکێتی سوشیالیستی عەرەبدا بڕیاری داوە کە رێگانەدرێ پەیکەرێکی جمال عبدالناصر لە مەیانێکی‌شاری بەنغازی دابنرێ • قذافی وتویە گوایە بەم بڕیارەی رێگای خەڵکی‌تر نادات کە وێنەی مارکس ولینین هەڵبواسن •**

یاسر عرفات سەر لە صۆفیا ئەدات

صوفیا : تاس : ئا٠د٠ع : رۆژی ١٤-٢ کاك یاسر عرفات سەرۆکی لیژنەی تەنفیزی رێکخراوی رزگاری‌هێنەری فەلەستین‌و کاك خالد فاهوم سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستین لەگەڵ وەفدیکا بەرەو صوفیا کەوتنەرێ • وە سەردانەکەشیان لەسەر داخوازی لیژنەی هاوکاری گەلانی ئاسیاو ئافەریقاو بولگاریایە • بڕیاریش وایە کە وەفدەکەی فەلەستین دوای بولگاریا سەر لە کۆماری دیموکراتی ئەلەمانیا بدات •

مەسەلەی لائوس بەرەو کوێ ئەڕوات؟

ڤیەنتیان • ١٤-٢ ئاژانسەکان : یەکێك بەناوی حکومەتی لائوسەوە بڵاوی کردەوە کە ٣ کۆسپی تازە هاتونەتە بەردەم ریککەوتنی حکومەت‌و بەرەی نیشتمانی لائوس‌و ناچار بون کە مورکردنی ریککەوتننامەکە دوابخەن • وەوتویە لە کۆبونەوەکانی دوێنی‌دا گیرو گرفتێکی‌وا لەئاراداندابوە کەچی تورزێك پێش تەواوبونی کۆبونەوەکان ٣ خاڵ باس کراوەو بۆتە هۆی دروست بونی ناکۆکی - خلافات - لەنێوان هەردوو لادا • هەروەها وتویە یەکەم ناکۆکی ئەوەیە کە بەرەی نیشتمانی لائوس دان بەشەرعیەتی حوکمی سوفانا فومادا نانێ‌و ئەڵێ ئەبێ لەریککەوتننامەکەدا بنوسرێ حکومەتی ڤیەنتیان • ناکوکی دووەمیش ئەوەیە کە شورشگێران ئەڵێن نابێ مەسەلەی‌سیاسی‌و عەسکەری لەیەکتری جیابکرێتەوەو هەردووکیان بەیەکەوە باس بکرێت ، بەڵام حکومەت وتویە با لەپێشەوە ریککەوتننامەکە مۆربکرێ‌و لەپاشانا باسی مەسەلەی‌عەسکەری بکرێت • سێیەم ناکۆکیش ئەوەیە کە شورشگێران بە پێشنیازەکەی حکومەت قابل نین‌و ئەڵێن نابێ ڤیتنامی دیموکرات لە شەڕی لائوس‌دا بە لایەنێك دابنرێت •

کۆنگرەی وەزیرانی راگەیاندنی عەرەب لە کۆنگرەی ئەمساڵدا بەشدار ئەبێ

سانتیاگو : نۆفۆستی : لویس کورفالان سکرتێری گشتی پارتی کومونیستی شیلی لە وتوێژێکا لەگەڵ پەیامنێری رۆژنامەی کومسومولسکایا پراڤدا وتویە :- بڕوام بەتینە کە گەلی شیلی کۆڵنادات‌و هەرسەرئەکەوێ ، وە ئەو گیرو گرفتانەی ئیستا وڵات بەدەستیانەوە ئەناڵێنێ هەموو رژێمەکانی پێشوی وڵاتن ، پاشماوەو ئەنجامی حوکمرانی ئەوکاتە کە ئیمە هاتنیە سەر حوکم وڵات ٤ ملیار دۆر قەرزار بوو کشت‌وکاڵ‌و پیشەسازی دواکەوتوو بو ، زیویش کەگرنگترین سامانی مەعدەنی وڵاتە لەبازاری دەوڵەتانا نرخی کەم ببوەوە • وەوتویە کەمی کەرەسەو شت‌و مەکۆ خواردەمەنی لەبازارا ئەنجامی پیلان‌و جم‌وجوڵی کونەپەرستانە کە ئەیانەوێ تەگەرە لە بەرنامەی بەرەی یەکێتی گەل بدەن • وە دەربارەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرێس کە لە مانگی ئاذاری ئایندەدا ئەبێ وتویە :-

لەئیستاوە کۆنەپەرستان خۆیان ئامادەکردوە کە لەو هەڵبژاردنەدا سەربکەن‌و پەل بهاوێژنە ئەو ئەنجومەنەوە ، بەڵام هەڵەن چونکە گەلی شیلی هوشیارەو رێگای ئەمجورە نەخشەو پیلانانە نادات وە دەسکەوتە پێشکەوتن‌خوازەکانی خۆی ئەپارێزی‌و وڵات لەم گیروگرفتانەی ئیستای سەرفراز ئەکات •

یاسر عرفات لە کۆنگرەی ئەمساڵدا بەشدار ئەبێ

رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو کاك حامد الجبوری وەزیری راگەیاندن‌و کاك سعد قاسم حمودی سەرۆکی ئەنجومەنی بەریوەبردنی - دار الجماهیر - و نەقیبی رۆژنامەنوسان وە کاك طه البصری جی‌گری بەریوەبەری گشتی ئاژانسی دەنگوباسی عیراق بەفرۆکە بەرەو قاهیرە کەوتنەرێ بۆ بەشدار بوون لە کۆنگرەی وەزیرانی راگەیاندنی عەرەب کە بڕیاروایە سبەینی - شەممە - لەقاهیرە بگیرێ •

ئا٠د٠ع

institut kurde de paris

هەفتەی باسێك

شکانی دۆلار بەرهەمی جەنگی ئیمپریالیستانەی ئەمەریکایە

شکانی نرخی دۆلاری ئەمەریکایی نمونەیەکی ترە لە ئالۆزی رژێمی سەرمایەداری جیهان . ئەمەریکا کە بەهێزترین و دەوڵەمەندترین وڵاتی سەرمایەداری ئیمپریالیە ، جار دوای جار توشی تەنگوچەلەمەی ئابوری گەورەتردێت و لە ئەنجامی هەر جاریکا رژێمەکەی رووەو لاوازی و لە رزین ئەچێت .

دۆلاری ئەمەریکایی کە جاران هاوشانی زێڕبوو ، وە بەهێزترین بارەی جیهان بوو ، ئێستا لە ئەنجامی سیاسەتە ئابوریە چەوت و چیلەکەکانی رژیمدار کە ئەم سیاسەتانەش لە سروشتی ئیمپریالیستی یەوە هەڵقولاون جاریکی تریش ١٠٪ س نرخی دۆلار دێتە خوارەوەو کێشەیەکی ئابوری نەك هەر بۆ خۆی بەڵکو بۆ هەموو وڵاتانی سەرمایەداریش دروست ئەکات .

هەروەکو مارکس بە شێوەیەکی عیلمیانەو ورد ئیسپاتی کردوە کە رژێمی سەرمایەداری لە ئەنجامدا بەرەو روخان و تێك چوون ئەروات و سوشیالیزم چێی ئەگرێتەوە ، ئەوە ئەم بۆچونەی مارکس رۆژ بە رۆژ ئەبێتە واقعێك و هەموو کەس هەستی پێ ئەکات .

وە ئەم بۆچونە ئەوەتا یەکەم توشکەوتوترین وڵاتی سەرمایەداری و درندەترین ئیمپریالیزمی جیهانیشی گرتۆتەوە .

بێ گومان هۆیەکی هەرە گەورەی ئەم بەسەرهاتەی ئەمەریکا ئەوەیە کە بۆ ئەوەی تاپێی ئەگرێت وڵات و گەلانی دنیا بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆ یەوە سامانیان بە تاڵان بەرێت وە رژیمەکەی خۆی لە روخان بپارێزێت پارەیەکی یەکجار زۆری لە پێناوی بەهێزکردنی لەشکری و جبەخانەو کەلوپەلی دەستدرێژی و پیلان-گێران تەرخان ئەکات ، بنکەو ئوردوگایەکی زۆری لە وڵاتانی دامەزراندوەو سوپاو بەکرێ گیراویکی بێشومار بۆ دەستدرێژی ناردۆتە سەر وڵاتان لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین ، ئەم سیاسەتە نەرکێکی گەورەی خستۆتە سەر بوجەی ئەمەریکا ، هەروەکو خەباتی گەلانی ئاشتی و ئازادیخوازی جیهان دژی ئەم بنکەو سوپایانەی ئەمەریکا زیانێکی زۆری لە ئابوری ئەمەریکا داوە ، چونکە جگە لەخەرجی گشتی کاوزباری جەنگ ، ئەم جەنگانەش وایان لە ئابوری ئەمەریکا کردوە کە روو بکاتە پیشەسازی جەنگ و لە زۆر لاوە خۆی لە پیشەسازی بەرهەمهێنەری ژیان و گوزەرانی رۆژانەی بە کەلکی خەلکی ئەمەریکا دوور بخاتەوەو کە ئەمەش ئەمەریکای کردوە بە بازاری کەل و پەل و کەوتانی وڵاتانی خاوەن پیشەسازی-یەکانی تر وەکو ژاپۆن و ئەلمانیای رۆژاوا . ئا بەم جۆرە شیرازەی ئالوگۆری ئەمەریکا لەگەل وڵاتانی تردا دژی قازانجی ئەمەریکا شڵەژاوەو دۆلارێکی زۆری ئەمەریکایی بە بازاری دنیادا بڵاو بۆتەوەو دۆلار سەرگەردان و بێ نرخ بوە .

ئەم هۆیانەو گەلی هۆی تریش- کە لەم باسە کورتەدا جێی باس کردنیان نیە - بونەتە هۆی شڵەقاندن و نانەوەی تەنگوچەلەمەی قووڵ و بێ چارە بۆ ئابوری ئەمەریکا . بەڵام ئەبێ لەبیرمان نەچێت کە کاریگەرترین هۆی داڕزانی رژێمی ئیمپریالیزم کە بەرز-ترین پلەی سەرمایەداریە-جەنگی بەرگری گەلانە کە دژی دەستدرێژی و پیلانی وڵاتە ئیمپریالیستەکان و بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە هەموو کوچەیەکی جیهاندا هەڵگیرساوە وە ئاشکراترین نمونەش بۆ ئەمە جەنگی پالەوانانەی گەلی ڤیتنامە گەلانی تری خواروی رۆژهەلاتی ئاسیایە ، کە ئەوەرەترین زیانی لە رژیمی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا داوە ، بەم جۆرە ئێستا لە رووی ئابوری و سەربازی و سیاسیەوە ئەمەریکای بەچۆنا هانی و ناو و ناوبانگی لە دنیادا زراند .

کورتە باسێك دەربارەی ئابوری و نەخشەی گەشە پێدان

ئامادەکردنی عبدالوهاب طالبانی

نەخشەی ئابوری چیە ؟

نەخشەی ئابوری ، یان نەخشەی پەرەپێدانی ئابوری ، ریکخستنێکی ئەوتۆیە کە باشترین رێ و شوێن دائەنێ بۆ ئەوەی هەمو داهاتە نیشتمانی-یەکان بخاتە کار ، لەپێناوی هێنانەدی چەند ئامانجێکی دیاری کراوو پەرەپێدانی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و پێش-خستنیان لە ماوەیەکی زانراوادا کە زۆر جار پێنج ساڵ ئەبێت و نەخشەی پێنج ساڵەی بێ ئەوترێ ، یان ، ماوەیەکی : رێز تر ئەخایەنێ تا ئەگاتە (١٥) ساڵیش بەڵام ئەمەیان پێویستی بە توانایەکی دارایی کەورەو دەزگایەکی جێ بەجێ کەری زۆر پێ گەیشتوو قال بو ئەبێ .

ئینجا بۆ دانانی پرۆگرامی هەمو نەخشەیەك داوا لە هەمو دەزگا بەرهەمهێنەرەکان ئەکرێ کە پێشنیاری خۆیان لەگەڵ توانای بەرهەمهێنانیان و پێویستیان بۆ ماوەی داهاتو دیاری بکەن ، لەپاشا دەستەی بالای نەخشە لەو پێشنیارو داواکاری و زانیاریانە ئەکۆڵێتەوە و لەبەر روناکی یان سەرجەمی توانای ئابوری وڵات تەقدیر ئەکات و ئامانجە سەرەکی یەکانیش دیاری ئەکات ئینجا بە گوێرەی ئەو توانایانە (سروشتی ، دارایی ، تەکنیکی ... هتد) دەست نیشانی ئەو ئەو پرۆژانە ئەکات کە ئامانجە سەرەکی یەکانی کۆمەڵ ئەهێننەدی .

بێ گومان لەگەڵ لێکۆڵینەوەی پێویستی و توانای دەزگا بەرهەمهێنەرەکاندا دەستەی بالای نەخشە ئەبێ ئەم لایەنانەی خوارەوەش رەچاو بکات : جم و جوڵی دانیشتوان (حرکة السکان) و زۆر بون و کەمەوبونیان و لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی باری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و تەندروستی و زانینی توانای گشتی هێزە بەرهەمهێنەرەکان (القوی العاملة) و رادەی گوزەرانی خەلکی و رادەی کرێی یان رۆژانەکان و چەندێتی (کمیة) شتومەکی ئیستهلاکی و تیکڕایی داهاتی دانیشتوان و نیسبەتی وەبەرهەمهێنانی شتومەکی ئیستهلاکی بۆ دروست کردنی کەرەستەی بەرهەم هێنان و رادەی زیادبونی بەرهەم لە ساڵێکداو بەراوردکردنی لەگەڵ ساڵەکانی پێشوداو مەسەلەی جم و جوڵی بازرگانی ناوخۆو دەرەوەو باری دراو (نقد) و باج و پێویستی یەکانی بەرگری نیشتمانی ، جگە لەمانەش هەمو ئەبێ سود لە شێوەو چونیتی جێ بەجێ کردنی نەخشەکانی راپوردوش وەربگیرێ بۆ ئەوەی ئەگەر کەم و کورتی یەك لە نەخشەیەکی رابوردوا روی دابێ لەمەی تازەدا رو نەداتەوە .

لەگەڵ ئەم جۆرە نەخشە کێشتی یەدا نەخشەیەکی ترینش هەیە کە پێی ئەوترێ (التخطیط الجزئی) ئەمەیان تەنها کەرتێك یان بەشێکی ئابوری نیشتمان ئەگرێتەوە ، وەکو کەرتی کشتوکال یان پیشەسازی یان هەر کەرتێکی تر ، ئەم نەخشە جوزئیەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تەواو هەیە ، بەڵام بەشێوەیەکی تەسك ترو تەنها ئەو کەرتە ئەگرێتەوە کە نەخشەکەی بۆ دائەنرێ .

سەرچاوەکانی دارایی نەخشە ئابوریەکان :

شتێکی ئاشکرایە کە جێ بەجێ کردنی هەمو نەخشە-یەکی ئابوری پێویستی بە توانایەکی دارایی تەواو و باش هەیەو ئەبێ پێشەکی ئەو سەرچاوانە کە ئەو پارانەی لێوە وەرئەگیرێ بەچاکی نە توانایان کۆڵرابێتەوەو لە هەمو بارێکدا ئەو سەرچاوانەی کە نەخشەی ئابوری پێ ئەگەیەنن لە وڵاتانی تازەپێ گەیشتودا ئەم سێ لایەنە بەدەر نین :

أ - ئەو پارانەی کە راستەو-خۆ حکومەت تەرخانی ئەکا .

ب - ئەو پارانەی کە دەزگاو کارگەکانی کەرتی گشتی (القطاع العام) لە دارایی تایبەتی خۆیان دایئەشکێنن .

ج - ئەو پارانەی کە لەلایەن کەرتی تایبەتی یەوە (القطاع الخاص) تەرخان ئەکرێ .

هەمو نەخشەیەکی زانستی-یانەش ئەبێ بەم سێ قۆناغەدا تێپەڕێ :

قۆناغی یەکەم : دانانی رووەنووسی نەخشەکە .

قۆناغی دووەم : جێ بەجێ کردنی نەخشەکە .

قۆناغی سێهەم: لێکۆڵینەوەی ئەنجامی جێ بەجێ کردنی یەکە بە یەکەی ئامانجەکانی نەخشەکە .

نەخشەی ئابوری لە رژێمی سۆشیالیستدا :

لەسێبەری رژێمی سوشیا-لیستیداو لەکاتی نەخشە دانانا قازانج نابێتە پێوانە بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەك و دەست هەڵگرتن لە یەکێکی تر ، بەڵکو ئەو پرۆژەیە دائەمەزرێنرێ کە کۆمەڵ سودی راستەوخۆ لە بەرهەمەکەی ئەبینێ .

هەروەها نەخشەی گەشە-پێدانی ئابوری لە رژێمی سۆشیالیستیدا دوو ئامانجی سەرەکی ی دەست نیشان ئەکا :

١ - بەرزکردنەوەی رادەی گوزەرانی کۆمەڵ ئەویش بە دیارکردنی سنورێك بۆ نزمترین رادەی ژیان کە نابێ بە هیچ شێوەیەك لەو سنورە بینە خوارەوە .

٢ - نەهێشتنی بێ ئیشی و فراوان کردنەوەی ماوەی کارکردن بۆ هەمو کەسێك .

ئابوری نەخشە کێشراوی دەولەتانی سۆشیالیست دورە لە هەمو ناڕێکی یەك ، سەرمایەو کاریش هیچ جۆرە ناکۆکی یەکیان لە نێواندا نیە ، چونکە هەمو کەرەستە بەرهەمهێنەرەکان (وسائل الانتاج) بەدەست گەلەوەیەو بەوردی وزانستی یانە تەقدیری داهاتەکانی نیشتمان ئەکرێ و هەروەها بەباشی تەقدیری هەمو تێچونێك (تکالیف) ئەکرێ و رۆتین و کۆسپ و تەگەرەش لە کاروباری بەرهەمهێناندا نیە .

ئەمەی لەسەرەوە باسمان کرد تەنها پێناسینێکی سەر-پێیەو ئەم باسە زۆر دورو درێژەو لە دەرفەتیکی ترا بە باشی لێی ئەدوێین و شتی ئەکەینەوە .

نەخشەی گەشەپێدانی ئابوری لەعیراقدا :

لەوکاتەوە کە نەوت لە عیراقدا دۆزراوەتەوە (١٩٢٧) بیر ئەوە کراوەتەوە کە سود لە داهاتی ئەم سامانە ببینرێ ، بەڵام لەبەر زروفی سیاسی و دەسەڵاتی بێ پایانی کۆمپانیاکانی نەوت بەسەر حکومەتەکانی ئەو سەردەمانەی عیراقدا سودیکی ئەوتۆ لەم سامانە نیشتمانی یە نەبینراوە ، ئەگەر شتێکیش کرابێ ، وا نەبوە کە باش نەخشەی بۆ کێشرابێ .

بەچاو پیاخشاندنێکی ئەو ریزگانەی سەرەوەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە هیچ نەخشە-یەکیان بەباشی جێ بەجێ نەکراوەو نەگەیشتۆتە ئەو ئامانجە سەرکی یانەی کە بۆی دانراوە ئەمەش گەلێ هۆی هەبوە وەکو هتد .

ئەم رێزگەیەی خوارەوەش سەرجەمی ئەو پارانەی بۆ نەخشەی گەشەپێدانی وڵات تەرخان کراوە ئەخاتە روو لەگەڵ سەرچاوەکانیان :

ئەو پارانەی حکومەت تەرخانی کردوە	سەرچاوەکانیان
(هەزاران دینار) ٥٣٦٩٠١	ئەوەی لەدارایی دەرکاو کارگە گشتی یەکان دائەشکێنرێ (هەزاران دینار) ٣٢١٧٩٠
کەرتی تایبەتی هەزاران دینار ٢٨٥٠٠٠	سەرجەم هەزاران دینار ١١٤٣٦٩١

نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە کە هەمو نەخشەیەکی گەشە-پێدانی ئابوری لە عیراقدا پەیوەندیەکی نەپچراوی بە داهاتی نەوتەوەو هەبوەو هەیە تەنها نەخشەکەی ١٩٧٠-١٩٧٤ یش توشی چەندەها گۆڕین و دەستکاری بو لە ئەنجامی بەرزبونەوەو کەم بونەوەی داهاتی عیراق لەم سامانە گرنگە ، بەڵام ئێستاو پاش خۆمالی کردنی کۆمپانیای نەوتی عیراق ئامۆ-یەکی فراوان و رون کراوەنەوە بۆ پەرەپێدانی باری ئابوری و بەرزکردنەوەی رادەی گوزەرانی خەلکی و ماوەیەکی باش بۆ زانایانی ئابوری هاتوتەکایەوە کە بەدڵنیایی یەوە حیساب بۆ داهاتی نەوتەکەی کەرکوك بکەن و لەنەخشەکانی داهاتودا بۆ خزمەتی تێکڕایی گەلی عیراق بیخەنە کار .

سەرچاوەکان :

- الموسوعة الاشتراکیة - دار الهلال .
- الهیکل الاقتصادی للمجتمع الاشتراکی - د.ی بروفر .
- گۆڤاری (الاقتصادی) ژمارە یەکی ساڵی ١٩٧٢ .
- قانون خطة التنمیة القومیة للسنوات ١٩٧٠ - ١٩٧٤ .

نەخشەکان	پارەی تەرخان کراو هەزاران دینار	خەرج کراو هەزاران دینار	رادەی جێ بەجێ کردن
نەخشەی ئابوری وەختی ١٩٥٩ - ١٩٦٢	٣٢٩٢٧٠	١٠٨٢٧٧	٣٣ر- ٪
نەخشەی ئابوری تەفسیلی ١٩٦١ - ١٩٦٥	٤٤٤٧٨٧	٢٠٤٢٢١	٤٥ر٩ ٪
نەخشەی ئابوری پێنج ساڵە ١٩٦٥ - ١٩٦٩	٦٦٨٠٥٩	٣٧٠٤٤٠	٥٥ر٥ ٪

بەرەیەکی زێڕین لەمێژوی نەتەوەی کورد

نووسینی : عادل

- ٤ -

سروشتەکانی جوولانەوەی مەهاباد

هەموو راپەرینەکانی گەلی کورد لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە بەملاوە سروشتێکی هاوبەشیان هەبوە . کە بریتی بوە لە باری نەتەوایەتی و هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی مافە رەواکانی نەتەوەی کورد و رزگار کردنی کە بە بەشخوراوە-کەمان لە زوڵم و زوری نەتەوایەتی و گەیاندنی بە کار-وانی پێشکەوتن و رزگاری گەلانی سەرزەوی . هەر ئەم سروشتە هاوبەشە بوە کە لەزوربەی راپەرینەکانی مێژووی گەلی کوردداهەموو چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵی کوردەواری شان بەشانی یەکتر بۆ کێڕی خەبات و تێکۆشان راکیشاوە و بۆتە هۆی ئەوە کە خاوەن مەکتەب و جووتیارێك ، دەوڵەمەندێك و هەژارێك و خاوەن کارێك و کرێکارێك پالیان وەپالی یەك داوە و لەسەنگەرێکدا خۆیان بە کوشت داوە .

هەر ئەمەهەستی پیرۆزی نەتەوایەتیە بووە کە لەوراپەرینە خوێناویانەی مێژووی کەلەکەماندا هەستی جیاوازی چینایەتی نەبیر خەڵك بردۆتەوە و کۆمەڵانی هەراو و بەرینی زەحمەتکیشانی نەتەوەکەمانی لەژێر سەرکردایەتی پیاوە ئایینیەکان و سەرۆك عەشیرەتەکاندا کۆ کردۆتەوە و لەبەرامبەر دوژمنی هاوبەشدا راستی کردونەتەوە .

لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجی نەتەوایەتیدا بوە کە دارایەك و نەدارێك و روناکبیرێك و نەخوێندەوارێك لە تەنیشتی یەکتر بەداردا کراون و کۆشکی رازاوەی ئاغا و خانووی قورماوی جووتیار بەئاگرێك سووتاون .

بەڵام جوولانەوەی مەهاباد و راپەرینی ١٣٢٤ و ١٣٢٥ی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران تەنیا لەچوارچێوەی خەباتی نەتەوایەتیدا تەنگەبەر نەبوو ، ئەوراپەرینە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خەباتی پرلەشانازی و گیانبازی نەتەوەکەماندا سنووری ئەمچوار چێوەی شکاند و ویرای هەوڵدان بۆ ئامانجی پیرۆز و رەوای نەتەوایەتی . هێندێك ئامانجی دیکەشی رەچاو کرد و شان بەشانی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی ئەوئامانجانەش تێدەکۆشا ، کە پێویستی قۆناخی ئازەی خەباتی رزگاریخوازی گەلانی ژێردەستە و بەجێماو بوون .

بەکورتی دەتوانین بڵێین جوولانەوەی مەهاباد جوولانەوەیەکی نەتەوایەتی و نیشتمانی و دیموکراتی بوو :

نەتەوایەتی بوو ، چونکە بۆ قازانجی نیشتمانی و پێگەیشتنی هەموو نەتەوەی کورد تێدەکۆشا و ئامانجی وەدەست هێنانی مافەکانی نەتەوایەتی گەلی کورد بوو . هەروەك دەزانین جوولانەوەی مەهاباد توانی بەشێکی زۆرگرنگ لەوئاواتە پیرۆزانە وەدی بهێنێ و گەلی کورد وەك گەلێکی جیاواز و خاوەنی هەموو سروشتێکی تایبەتی نەتەوایەتی بەدنیا بناسێنێ . بەرهەمی جوولانەوەی مەهاباد بوو کە گەلی کورد لەسووچێکی نیشتمانەکەیدا توانی حکومەتێکی خودموختاری میللی دابمەزرێنێ و ئالای سێ رەنگی کوردەستان لەسەر ئیداراتی دەوڵەتی هەڵبکا ، کە بۆ هەماهەنگی نەخشی هەست و شعور و دل و دەرونی هەموو کوردێکی دڵسۆز و هەموو رۆڵەیەکی بەسۆزی نیشتمانەکەمانە .

نیشمانی بوو ، چونکە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بەدوژمنی سوێندخۆری خۆی ناسیبو و هەموو چین و توێژە نیشتمانیەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆ بەوەنگاربونی پیلانەکانی ئیمپریالیزم تەریزەکانیدا کۆ کردبۆوە . بەخۆرایی نەبوو کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیز لەپەرەگرتنی ئەم جوولانەوە نەترەیان چووبوو و قازانجی دژی ئینسانی خۆیان لەمەترسیدا دەدی و بەهەموهێزیانەوە پشتی کونەپەرستی ئیرانیان دەگرت بۆ لێدان و سەرکوت کردنی ئەم جوولانەوە دیموکراتی بوو ، چونکە هێزی ئەساسی لە چینە نیشتمانیەکان پێك هاتبو و قازانجی کۆمەڵانی رەنجبەر و زەحمەتکێشی لەبەرچاو گرتبو ، بیروباوەری دیموکراتی بەلاو دەکردەوە و دەرەبەگ و خاوەن ملکە چەوسێنەرەکانی بەدوژمنی خۆی دەزانی دەیەویست ریژیمێکی دیموکراتی دابمەزرێ کە ئازادیە دیموکراتیەکان بۆ هەموو توێژەکانی گەلی دابین بکا . شتێکی هەڵکەوت نەبو کە زۆر لەدەرەبەگە زۆرداراکان لەچنگی عەدالەتی گەلی رایان کرد و خۆیان هاویشتە باوەشی دوژمنی راستەوخۆی گەلەکەیان ، یان دەربەدەری وڵاتان بوون و تا پاش رووخانی کۆماری مەهاباد نەگەڕانەوە . لەناو ئەوجوڵانەوەدا بەشێکی زۆر لەعەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانی ئیرانیش دەبینرانو نابێ خۆ لەوراستیە ببوێرین کە هێندێك دەرەبەگ و کەسانی دژی دیموکراتیش توانیبویان بخزینە ناو ریزەکانی جوولانەوە و تەنانەت هێندێکیان پلەوپایەی گرنگیشیان لەریزەکانی راپەرین و دەزگاکانی حکوومەتی میللیدا داگیر کردبو ، بەڵام لەسەریەك جوڵانەوە سروشتێکی دیموکراتی هەبو و جێ کردنەوەی ئەوجۆرە کەسانەش لە

بڕوانە ل : - ٤ -

شۆڕشگێڕێکی کورد کە ناوی ,, سمکۆ ,, یە

زنجیرە لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی راپەڕینە رزگاری خوازیەکانی ,, سمکۆ ,,

- بەدرخان سندی -

بەشی شێیەم :-

سەرەرای ئەو بارو زروفە ناخۆشەی دەوری راپەڕینەکانی سمکۆیان دابوو لەگەڵ دوژمنایەتی کردنی راستەوخۆو زۆراستەوخۆی مەسەلەی کوردو چارەنوسی گەلی کورد . سەرەرای ئەمانە ئەم شۆڕشگێڕە توانی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێ و حکومەتی ئێران بە چۆکا بێنێ و دان بە دەسەڵاتیا بنێن لەناوچەکە کوردیەکانی رۆژئاوای دەریاچەی (ورمیە) .. ئیگلتون لەم رووەوە ئەڵێ :-

حکومەتی ئیران دانی بە دەسەڵاتی سمکۆدا ناو کردی بەفەرماندەی ناوچەکە شاخاویەکان .

ژیانی سمکۆ بریتی بووە لە زنجیرەیەك شەڕو بەگژاچوون وڵاتە کۆنەپەرستەکانی دراوسێیدا ، دوای نوشوستی شۆڕشی روسیا بەربەرکانێی ئەو هێزانەی روسیای کرد کە هەتبونە خاکی ئیرانەوە (کوردستان) هەروەها بێ وچان دلێرانە بەگژ حکومەتی ئیران و تورکیادا ئەچو ، بەربەرکانێی ئینگلیزەکانیش داوای ئەکرد . ئینگلتون بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەی ئەوە ئەکات بەبەڵگە کە بەربەرکانێی بریارەکەی حکومەتی تاراتی دەرئەکەوێ ، کاتێك کە سمکۆو دوژمنایەتی کردنی ئیمپریالیزمیان لەقسەکانی سەرکردە عەسکەری و سیاسیەکانی بەریتانیادا بۆ دەرئەکەوێ ، کاتێك کە سەرزەنشتی سمکۆیان کردوە باسی هێندێك لایەنی تریشیان کردوە کە بە ئاشکرا کیانی نیشتمانپەروەرێتی سمکۆ دەرئەخات .

ئەدەوندز لە کتێبەکەیا (کورد ، تورك ، عەرەب) بەم جۆرە باسی سمکۆ ئەکات :-

هەڵوێستەکەی وەکو هەڵوێستی سەید تەها بوو ، ئەو قینی لە ئیرانیەکان نەئەبووەوە چونکە چەندیان نازار دابو ئەویش ئەوەندەی

بڕوانە ل : - ٧ -

ئەم هەڵوێستەشمان لە راپەڕینەچەکدارەکانی و چاوپێ کەوتنی بە کۆنەپەرستان و هێزی داگیرکەرە بەریتانیاییە کان دەرئەکەوێ ، هەر وەها دلیری سمکۆو دوژمنایەتی کردنی ئیمپریالیزمان لەقسەکانی سەرکردە عەسکەری و سیاسیەکانی بەریتانیادا بۆ دەرئەکەوێ ، کاتێك کە سەرزەنشتی سمکۆیان کردوە باسی هێندێك لایەنی تریشیان کردوە کە بە ئاشکرا کیانی نیشتمانپەروەرێتی سمکۆ دەرئەخات .

ئەدەوندز لە کتێبەکەیا (کورد ، تورك ، عەرەب) بەم جۆرە باسی سمکۆ ئەکات :-

هەڵوێستەکەی وەکو هەڵوێستی سەید تەها بوو ، ئەو قینی لە ئیرانیەکان نەئەبووەوە چونکە چەندیان نازار دابو ئەویش ئەوەندەی

بڕوانە ل : - ٧ -

Institut kurde de paris

هاوغشاندنێك بە :

چەند سەرنجێکی سەرپێی دەربارەی : کۆن و نوێ لە هۆنراوەی کوردی دا

عەزیز گەردی

-١-

لە (١٢٨)ی هاوکاری کاك رفیق صابر - چەند سەرنجێکی سەرپێی دەربارەی ئەو ووتارەنووسیبوو کە لە ژمارەکانی (١٢٢ ، ١٢٣ ، ١٢٤) ی هاوکاریدا بە ناوی (کۆن و نوێ لە هۆنراوەی کوردیدا) بلاوم کردەوە .. لە کاتێکا کە سەرنج دەربرینی کاك رفیق دەربارەی ووتارەکە ، بگرە هەر سەرنج دەربرینێ بەرامبەر هەرنووسینێك بە شێتێکی زۆر پێویستو ئاسایی ئەزانم و ئەگەر زادەی عاتیفەیەکی ساکاروساده ئەبێ بەشێتێکی زۆر پیرۆزیشی ئەزانم ، کە بەشێتێکی پیرۆزیشی ئەزانم وانی یە سەرنجەکانی ئەو یا هەر سەرنجێ کە دەرئەبڕێ بەلامەوە راستبێ دەربارەی راستەقینەی باسەکەوە ، چونکە ئەم جۆرە هەڵویستە لە ناخی سەرنجەکانەوە ئەبێ هەڵبقوڵێ .. بەڵام کەلك و پیرۆزی سەرنج دەربڕین لەوەوە دەرئەکەوێ کە دەرکا کردنەوەیەکە بۆ لێدوان و گفتوگۆکردنێکی زانستی و بابەتی دەربارەی باسەرەپێش کراوەکە ... لێرەدا کە من سەرنجەکانی ئەو زۆر بەشێتێکی تەبیعی ئەزانم بۆ خۆی ، ئەمەوێ کورتە وەڵامێکی بدەمەوە و چەندراستی یەکی بۆ روون بکەمەوە کە لە ئەنجامی کورت بینی و پەل نەرۆیشتنەوە یا لە ئەنجامی خۆلێ لادان و هەڵگێڕانەوەی هەندێ رووی باسەکەوە تووشی ببوو .. ئەمەوێ خوێنەری ئازیز ئەوەش بزانێ کە من لە کاتی خۆیدا بە شێوەیەکی دوورودرێژتر و فراوانتر وەڵامیم دایەوە ، بەڵام داخم ناچی کە چەند مانگێك لە (هاوکاری) مایەوە پێش خۆناساندن و ناوبانگ پەیدا کردن ، هەر کاتێ ئەدەب بە و چاوەوە سەیری بکرێ ، نرخی گەورەی خۆی ئەدۆزێتێ و ئەبێتە دارەدەستێك بۆ پروپاگەندەو بازار خۆش کردنی ناوو ناودەر کردن .. ئەدانی پروپاگەندەش لەهیچ کات و سەردەمێکا ئەدەب نەبووەو ناشمێتە ئەدەب ..

سەرنجی تایبەتی ورەخنەی بابەتی :

کاك (رفیق) وەك خۆی گوتەنی سەرنجێکی سەرپێی دەربارەی تێکڕای نووسینەکانی من دەرنەبڕێ و ئەڵێ : «زۆربەی نووسینەکانی مامۆستا مۆری پەلەکردن و تەرکیز نەکردنیان بە نیوچاوانەوەیە .. هـ ١٢٨ » ئەم دەنگە لە هەر شوێنێ هەڵقوڵابێت و لە هەر لایەکەوە هاتبێ و پەردەی گوێی لە راندبێتەوە ، ئەوەندە هەیە کە سەرنجێکی خودی - ذاتی - یە ئەم سەرنج دەربرینەش زۆر باش بۆمان ئەسەلمێنێ کە کاك (رفیق) باوەڕی بە سەرنجی خودی - ذاتی - هەیە لە رەخنەگرتنا .. هەر وەکو لە شوێنێکی تری ووتارەکەیا لۆمەی من ئەکا کە (بەپێی سەرنجی تایبەتی خۆی باسەکەی نەنووسیوە ..) دیسان کە نموونەی شیعری (مەولەوی)م هێناوەو رای مامۆستا (سجادی)م پێش کەش کردووە ئەمەی بە بزربوونی منو لەدەستدانی کەسێتی من داوەتە قەلەم و ئەڵێ : « وەکو نووسەرێك کەسایەتی خۆی لە نووسینەکەیدا بزرکردووە .. » لەم سێ نموونەو هەڵویستەدا :

١ - کە خۆی بە رەخنەو سەرنجی خودی هاتۆتەپێشەوەو باوەڕی بە سەرنجی خودی هەیە .

٢ - ئەوەی پێ ناتەواوە کە من سەرنجی تایبەتی خۆم نەهاویشتۆتە ناوباسەکەوە ..

٣ - گوایە من کەسایەتی خۆم لە نووسینا بزرکردووە هەر لەبەر ئەوەی قسەی مامۆستا (سجادی)م کردووە بە بەڵگەو پاڵپشت ..

لەم سێ نموونەیەدا بومان دەرئەکەوێ کاك (رفیق) هێشتا بەرهەمی ئەوەی وەك چیرۆك و شیعرو شانۆگەری و بیری راگوزاری ... تێك ناکاتەوە لەگەڵ رەخنەگرتنا ، بەتایبەتی رەخنەی زانستی و بابەتی .. چیرۆك شیعرو شانۆگەری و .. زیاتر پەیوەندیان بە خودی نووسەرەکەوە هەیە لە چوارچێوەی ئەو بیروباوەڕی هەیەتی و ئەو باروزروف و سەردەمو شوێنەی تیا ئەژی بەڵام سەرەرای ئەو هەموو شتانەی کاری ئەکەنە سەر لەدایك بوونی بەرهەمێکی ئەدەبی ئەبێ مۆرکی کەسێتی خاوەنەکەی هەر پێوە دیار بێ ، وە تەنها بەرهەمی رەسەن و راستگۆشەکە گیانێکی زیندووی تیابێ و مۆرك و ملامح کەسێتی خاوەنەکەی هەڵگرێ ، کەچی دەربارەی رەخنەو لێکۆڵینەوەی رەخنەگر تا پێی بکرێ لە کاتی رەخنەگرتنا سۆزو انفعال ئەنێتە لاوەو رووئەکاتە لایەنی زانستی و بابەتی ، تا پێی بکرێ (بەلای منەوە) بەکار ناهێنێ و هەوڵنادا لە وورگی خۆیەوەشت دەربێنێ «رەخنەگری بابەتی کە داوای پەیڕەوکردنی ریزەوی بابەتی ئەکا لە رەخنەگرتنا ئەبێ لە لێکۆڵینەوەو سەبارەت بۆ هینانەوەدا خەتێکی دیاری هەبێ کە بریتی یە لە پشت بەستن بە لێکدانەوەی بابەتی لەکاتی حوکمدانی رەخنەگرانەدا .. فی النظریة النقدیة . محمود البستانی . ل ٥٨ » . بەڵێ دەبی رەخنەگر خاوەنی کەسێتی خۆی بێ ، بەڵام دەرکەوتنی کەسێتی رەخنەگر لە رەخنەگرتنا زۆر زۆر جیایە لە دەرکەوتنی کەسێتی نووسەر یا شاعیر لە بەرهەمەکەیدا ، چونکە لە بەرهەمی ئەدەبی سۆزو میزاجو باری دەروونی نووسەر بە بەرهەمەکەوە دیاربێ ، لە کاتی رەخنەگرتنی بابەتیدا ئەمە دیار نی یە بەڵکو کەسێتی رەخنەگر لە زانیاری و نوانای لێکۆڵینەوەو هەڵێنجانی راستەقینەی بابەتی و بەراوردکردنی و بەکاربردن و لێکدانەوەی باسەکەدابە .. دیسان ئەوە ناکا کەسێتی وون کردن کە رەخنەگر باوەڕی چەند کەسێ وەربگرێ و لە بەر رۆشنایی و بەراوردکردنی ئەو بیروڕایانەو موناقەشە کردنیان بتوانێ شتێ بدا بە دەستەوەو .. خۆ دیارە گەورەترین رەخنەگرانی جیهانی باوەڕی بەکتر وەرئەگرن ، دیارە پێویست بەوە ناکا کە ناوی هیچ رەخنەگر بسینێن چونکە (مانگ لە چواردەبێ حەوجەی بە ئەنگوست نی یە) .. وە بیرورا وەرگرتن و مناقشەکردنی بۆ یەکێ لەم مەبەستانە ئەبێ :

١ - بۆ چەسپاندنی بیروراـ یەك کە رەخنەگر ئەیەوێ بیباتە دڵی خوێنەرانەوەو قسەکە وەرئەگرێ و ئەیکاتە دیوارو پاڵپشت بۆ سەلماندنی بیروباوەڕی خۆی .

٢ - بۆ پووکاندنەوەو هەڵوەشاندنەوەو بەرەپەرچدانەوەی باوەڕی کابرا ، ئەگەر بێتو بیرورای لە گەلا نەبێ و بەڵگەی زانستی بە دەستەوە بێ بۆ ئەم بەرپەرچ دانەوەیە ..

٣ - بۆ بەراوردکردنی بیروڕای چەند کەسێك و موناقەشەکردنیان بۆ ئەوەی لە ئەنجامی ئەم بیروڕا زۆرو جیایانە بتوانێ بەراستی یەك بگات و رایەکی تایبەتی و بابەتی لەناخی بەرهەمەکەوە هەڵبێنجێ

جا بە قسەی کاك رفیق بێ ئەم کەسانەی یا ئەم رەخنەگرانەی قسەی کەسانی تر وەرئەگرن ئەبێ هەمووبان بزربوون و رەنگە کاك (رفیق) خزمەتێکی گەورە بکا ئەگەر ئەم کارەیان پێ بەربداو بیانهێنێتەوە سەرێی راست ، ئەو رێیەی خۆی پیا ئەڕوا .. بزانێ سەرنجی خۆیی و تایبەتی و کەسێتی لە رەحمەی بابەتی دا نی یە بەو جۆرەی کە لە بەرهەمەکانی ترا هەیە حەز دەکەم گوێ بۆ رەخنەگری گەورەی رووس (بلینسکی) شل بکا کە ئەڵێ : « ووشەی - من ئەمەم بە دڵە من ئەمەم بە دڵ نی یە - ئەتوانرێ دەربارەی خواردن ، ئەسپ و تولەو تاجی و هتد بوترێ بەڵام کاتێك دەربارەی میژو ، زانیاری ، هونەرو ئەم جۆرە شتانەقسەبکرێت ئەوا هەموو ووشەیەکی (من) کە بەبێ روون کردنەوەو وەڵگە هێنانەوەو بە پێی (رای خوێی - ذاتی) بێ وەك ئەو شێتە وا ئەبێ کە لە شێتخانەدا تاجێکی کاغەز ئەکاتە سەری دەوری شایەکی بە هێز بە ئارەزووی خۆی فەرمانی مردن و سەربەست کردن ئەدات و شەڕ بەرپا ئەکات و پەیمانی ئاشتی ئەبەستی بێ ئەوەی کەمر لەرووی دا وەربگەڕێتەوەو رەتی بکاتەوە .. بلینسکی ، دەربارەی رەخنە ، گۆڕینی جلال تقی . ل ٢١ .. »

سەجادی و ووتارەکەی من :

کاك رفیق لە پێشەنگی سەرنجەکانیەوە پێم ئەڵێ : « بە چەشنێك کەوتۆتە ژێر تەئسیری مامۆستا عەلائەدین سجادی یەوە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناراستەوخۆ لەزۆر شوێن قسەکانی ئەو دووبارە ئەکاتەوە .. هـ ١٢٨» پاشان وەك بەهارات ئەم چەند ووشەیەی بەشوێنا دێنێ : « بە تایبەتی لەم نووسینەیدا » ئنجا کەدێتە سەر دەربڕینی سەرنجەکانی هەر ناوە ناوە جلەوی باسەکە بۆ لای مامۆستا (سجادی) ئەباتەوە ، وەك بیەوی شەڕی (اعصاب) لەگەڵ خوێنەر بکات و (نواندنی موگناتیسی) بۆ بخاتە کارو لە دەروونەو بیهەژێنێ و وای بباتە دڵەوە کە من هیچم نەنووسیوەو هیچم نەووتووە ، تەنها قسەی مامۆستا (سجادی)م وەك تۆمارو شریت لێداوەتەوەو بلاوم کردۆتەوە .. بێ گومان یەکێ بە چاوی زانستی شت بخوێنێتەوە ئەم جۆرە هاش و هووشە کاری تێ ناکا و خوێنەری ووردی هەر دوو ووتارەکە باش ئەزانێ کە ئەو دوو ووتارە واتە هی من و هی مامۆستا سجادی جیاوازیان هەیە بەو جۆرە کە ئەو ئەیکا ئەم ناکا ، ئەم ئەیکا ئەو ناکا ، ئەم ئەڵێ ئەو ناڵێ

کۆنگرەی مامۆستایان لەپاریزگای بابل

روژی ١١-٢ دەورەی دووەمی کونگرەی نۆهەمی نەقابەی مامۆستایان لە پاریزگای بابل لە ژیر دروشمی (لە پیناوی بەروەردەیەکی شورشگیری دەوەی میللی کردنو خۆراگرتن ، با مامۆستایان دەستبخەنە ناو دەستی یەکتریەوە ٠) کۆبونەوە ٠

لە کۆبونەوەکەدا مەکتەبی سکرتاری بۆ سەرپەرشتی کردنی کونگرەکە هەلبژیراوە٠ لینجا ئەو راپورانەی کە دەربارەی ئیشوکاری لیژنەکانی نەقابە لە ماوەی دەورەی پیشودا کراوە خوینرانەوە ٠ وە لە دوای ئەمە ئەنجومەنێکی بەرێوبەری نوێ بۆ لقی نەقابە هەلبژیراو لیستە ئیئتلافی بەتەزکیە دەرچوو ٠

٣٢ قوتابخانەی نوێ لە پاریزگای سلێمانی

لەماوەی ئەمسالی خویندنا ٣٢ قوتابخانە لە ناوچەکانی پاریزگای سلیمانی دروست کراوە ، کە ٤٨٣و١٢٥ دینارپان تێ چووە ٠ لەو قوتابخانانە ٥ قوتابخانەیان ئانەوێو ناوەندین ، لەپال ئەوانیشا خانو بۆ مامۆستاکان دروست ئەکریت

٣٥ هەزار دینار بۆکۆمەلانی جوتیاران

وەزارەتی دارایی رازی بوە کە ٣٥ هەزار دینار بە یەکیتی گشتی کۆمەلانی جوتیاران بدریت ، ئەمەش بەشی چوارەمی ئەوپارەیەیە کە بۆ یەکیتی ناوبراو تەرخان کراوە ٠

ئەو زەوی وزارەی تائیستا بەسەر جوتیارانا بەش کراون

بە پێی ئەو ژمارەیەی بەرێوەبەرایەتی گشتی دابەشکردن ئەم دواییەدا کردویەتی تا ئیستا ٥ ملیون و ٧٨٣ هەزارو ٧٧٦ دۆنم زەویو زار بەسەر ٣٢ هەزارو ٢٤١ ماڵە جوتیارا دابەشکراوە٠ هەروەها بەرێوە بەرایەتی ناوبراو لەلێکولینەوەدا بەردەوامە بۆ ئەوەی ١١ ملیون و ٥٥٣ هەزار دۆنمی تر بەسەر جوتیارانا دابەش بکات ٠

پاپۆری زەمبور

واچاوەروان ئەکریت کە بەمزووانە کۆمپانیای گواستنەوەی عیراقی پاپوری زەمبور لە بەندەری قادس لە ئەسپانیا وەربگریت کە ٣٥ هەازرو ٣٧٠ تەن بار هەلئەگریت ، پاپوری ناوبراو پینجەم پاپۆرە وەرئەگیریت لەو حەوت پاپورەی کە ئەسپانیا بۆ کومپانیای گواستنەوەی عیراق دروستی ئەکات وەکو زانراویشە هەموو پاپورەکان ٢٥ ملیون دیناریان ئ ئەچیت ٠

وە ئەوەی شایانی باسە چوار پاپوری تریش کە ناویان زومیلەو کەرکوکو عینزالەو خانەقین وەرگیراوون ٠

١٠ پێشنیازەکانی کۆبوونەوەی نوێنەرانی هەموو لقەکانی کۆمەڵی هونەروویژەی کوردی

لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنجشەموی رێکەوتی ٨ی شوباتی ١٩٧٣ نوێنەرانو کۆمەڵی هونەرویژەی کوردی کەبریتی بون لە مەلبەندی گشتی-سلێمانی ولقی کەرکوکو لقی بەغداو لقی هەولێر ، لەلقی کۆمەڵ لە بەغدا کۆبونەوەیەکی گشتییان پێک هێنا بۆدوان لەبارەی کاروباری کۆمەل لە هەمو رویەکەوە ، وەگەیشتنەئەو پێشنیازانەی لەدامینەوە نوسراون بەونیازەی نوێنەرانی لقەکان ئەوپێشنیازانە بکەینە تەواوی دەزگا بەرێوەبەرەکانی لقەکان بۆلیکۆلینەوەو بڕیار لەسەردانیان وە گەیاندنی ئەنجام بە یەکتری ٠

لەم کۆبونەوەیەدا ئەم نوێنەرانە بەشداربون :

أ - مەلبەندی گشتی سلێمانی پێکهاتبو لە برایان علی توانا ، فوئاد محمد امین ، محمد صدیق محمود ، روءوف یحیی ، علی جۆلا ، دلشاد صدیق ، نوری وەشتی ٠

ب - لقی کەرکوک - کاک کمال مجید رشید ٠

جـ - لقی هەولێر - کاک طلعت سامان ٠

د - لقی بەغدا - برایان سعید زەنگەنە ، فریاد واضل ، عبدالله عباس ، جلال میرزا کریم انور قادر ، کمال جمال ، نوزا کامل ، رفیق چالاک ٠

پێشنیازەکان :

١ - وابە چاک ئەزانرێ کە لەمەودواوە هەمو لقەکانی کۆمەل وێنەی هەمو نامە کانیان سەبارەت بە هەرچیەک بێ بگەیینن بەمەلبەندی گشتیو بەلقەکانی کە٠ وە لەهەمو لقێک دا فایلێکی تایبەتی بۆ هەرلقە بکرێتەوە لەوبارەیەوە ٠

٢ - هەرلقە سێ نوێنەری خۆی دەست نیشان بکات وەناویان بنێرێ بۆمەلبەندی گشتی وبۆلقەکان بۆ ئامادە بونیان لەبەستنی کۆنفرانسێک لە بەغدا لەسەرەتای مانگی مارتی داهاتودا ٠

٣ - لەمەودواوە هەموبەرهەمێکی شانۆیی وتەلەفیزیۆنی (چیرۆکەکان) بنێردرێن بۆ هەمو لقەکان وبۆمە لبەندی گشتی وهی ئەویش بۆلقەکان تا هەمو لقێک بیروراو تێبینی خۆی دەربڕێ سەبارەت بەوبەرهەمانە لەماوەی (١٥) رۆژدا لە مێژوی گەیشتنی ئەوبەرهەمانە بەوشوێنە ٠

٤ - رۆژی ٣١-١٢ی هەموساڵێک بکرێ بەرۆژی یادی دامەزراندنی کۆمەل ، وەلەمرۆژەدا ئاهەنگێکی گەورەی گشتی لەبەغدا پێک بهێنرێ ، وەهەروەها هەمو لقێک ئاهەنگێک لەشارەکەی خۆیدا بگێڕیوەپێشەکی ئەم یادە باس بکرێ لە رۆژنامەو گۆڤارو ئیستکەوتەلەفیزیوندا ٠

٥ - وابەباش زانرا کە هەرلقە لەشارەکەی خۆیدا پەیوەندی بکات بەلقی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ بەشداربونی کۆمەل بەناوی کۆمەڵەوە لەمیهرەجانی ئەمسالی بەرلیندا ٠ وە هەروەها لیژنەیەکیش لە لقی کۆمەل لەبەغدا پەیوەندی بکات لەگەل مکتبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستاندا بەناوی هەموکۆمەڵەوە بۆ ئەوئامانجە ، وەئەنجام بگەینێتەوە بەمەلبەندی گشتی ولقەکانی کۆمەل ٠

٦ - پێویستە هەمو لقەکانو مەلبەندی گشتی زوبە زویی دەنگوباسی بزوتنەوە وچالاکی ئەدەبیو هونەری شارەکەی خۆیان لەگەل مەوادی باشدا بۆباشتر کردنی پروگرامەکانی لقو کۆمەل لەبەغدا بنێرن ٠

٧ - هەمو لقیك لیژنەیەک لە ئیستوە دابنێ بۆ لێکۆلینەوە لە پرۆگرامی ناوخۆی کۆمەل وەتعدیلی بەندەکانی پێرەو بەوشێوەیەی کە باشترو لەبارتر بێ بۆکارکردن ٠ وەلەکاتی هاتنی نوێنەرەکاندا بۆ بەغدا بۆکونفرانس لەگەل خۆیانا ئەو تەعدیلاتە بهێنن ٠

٨ - کاک رفیق چالاک تحویل گرا کە بەناوی هەمو کۆمەلەوە قسە بکات لە کۆبونەوەی رۆژی ٢٤-٢-١٩٧٣دا لە تەلفزیۆنو ئیستکەو لەو خالانە بدوێ کەلەگەلیا باسکراوە بۆ زیاتر کردنو باشتر کردنی مەوادی کاروباری ئەدەبیو هونەروەری کۆمەل ٠

٩ - کردنەوەی سجلێکی تایبەتی لە مەلبەندی گشتی بۆ تۆمار کردنی هەمو جۆرە چالاکیەکانی مەلبەندی گشتیو هەمولقەکان ٠ وەلەم بارەیەوە پێویستە هەرلقە ناوی چیرۆکو بەشداربونو نوسەرو دەرهێنەرو وەئامادەکەری چیرۆکو گۆرانیەکانو هونەرو ئاوازدانانە رواگزارنی بێژەکان بەتەواوی بنوسنو بینێرن بۆ مەلبەندی گشتی تا هەموسنالێک لەچاپ بدرێ بلاوبکرێتەوە ٠

١٠ - هەمو لقێک ئەبی کتێبخانەی ببێ کتێبی ئەدەبیو هونەری وشریتی تسجیلو ئەلبومی وێنەکانی بزوتنەوە و چالاکی ٠

١١ - هەولدان بۆدروست کردنی پیشانگایەکی هەمیشەیی لەمەلبەندی گشتی بۆوێنەو نیگارو پەیکەری بەرهەمی ئەندامەکانی کۆمەلو کرداری فۆلکلۆری کوردی ٠

١٢ - بڕیاربدری کەبەرگی تیپی مۆسیقاو تیپی کۆرسو تیپی هەلپەڕکێی کوردی یەک رەنگ بێ بۆ هاوینو رەنگیکی کە بۆزستان ٠

١٣- پێویستە بەهەموری یەک تەوعیەی کۆمەلگای کوردەواری بکرێ لەهەمو رویەکەوە بۆهاتنە ناوکۆڕی کارکردنی هونەریش بەنیسبەت ئافرەتەوەو وەک پیاوو بەوڕێیانەی باسیان لێ کرا بەقولی ٠

١٤ - پیویستە لەسەر هەمولقەکانی کۆمەلو هەمو ئەندامان بەتیکڕایی لەئیستاوەو بەهەمورێ یەک گوێ ئاوبدەن و ئیمکانییەت دروست بکەن بۆ کردنەوەی معهەد و کۆلیژێکی هونەری جوان لەناوچەی کوردستان کە بەسترابێ بەزانکۆی سلێمانی یەوە ٠

١٥ - بڕیاربدرێ کەهەر سێ لقەکەی سلێمانیو هەولێرو بەغدا یارمەتی تەواوی لقی کۆمەل بدەن لە کەرکوک وەلقی کەرکوکیش بەوپیی یە کار بکات کە بەدرێژی باسی لێ کرا ٠

١٦ - پێویستە لەسەر هەمو لقێک لەکۆتایی هەمو مانگێکدا دەستکەوتو خەرجی خۆی لەبارەی دارایی یەوە بکات بەراپۆرتێک بینێرێ بۆ مەلبەندی گشتی ٠

لەسەعات دەی شەویدا دوایی بە کۆبونەوەکە هێنرا ٠

بێ گومان شترەنج یاریەکا بناڤودەنگ بوونو پەرتوک لسەر دانان ، لێ ژکێم دەمی ئەم نکارین دیروکا ڤێ یاریێ بەرفرهەو بدرێژی دیارکەین ٠ بەرکەتیو خوشەو وەرزشکا پێدڤیە ژبو مەژیو هوشا مروڤی ٠ بالمنڤە گەلەکا گرنگە لاوێن کورد بایەخو بەهایێ راستێ ڤێ یاریێ بدەنێو لناڤ رێزێن واندا بەلاڤ ببیتو بڤێ چەندێ نوبەرێ سەیدایێ خانیێ هێژا دچڤاتا کوردیدا دێ زیندی بیتەڤەو هەربژین ٠

لاپەڕە (٤)

هەواڵەکانی شاری کەرکوک

١ - یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک تائیستا دوو کۆڕی شیعرو چیرۆکی لە بارەگاکەی خۆیدا بەسەر سێ کۆڕی لە تەلەفزیونیشدا پێش کەش کرد ، هەروەهاش لەم هەفتەیەدا سێ کۆڕی تر تۆمارئەکەن کە بریتیە لە دوو کۆڕی شیعرو کۆڕێکی تایبەتی بەئەدەبی منالانەوەو وەکۆڕێکیش بۆ یادکردەوەی ئەسیری٠٠ وە لقی کەرکوکیش شان بەشانی لقەکانی کە بەبۆنەی ١٠ی شوباتەوە یادی تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد ، لەسەر شانۆی هۆڵی ئامادەیی ئیمام قاسمی کوڕان ئاهەنگێکی تایبەتی شیعر بەم بۆنەیەوە پێش کەش کرد ٠ وەلەهەمان رۆژدا وتەی لقی کەرکوک لە تەلەفزیۆنی کەرکوکدا بەم بۆنەیەو خوێندرایەوە ٠

٢ - یەکێتیی قوتابیانی کوردستان - لقی کەرکوک ٠ ژمارەی یەکی گۆڤاری (باباگۆرگۆڕ)ی دەرکرد کە کۆمەڵە بابەتێکی نایابی تیایە ٠

٣ - یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان نیازی دامەزراندنی تێپێکی هونەریو دەرهێنانی گۆڤارێکی دەوری هەیە ٠٠ بەم زوونە دیاری دەکرێ ٠

٤ یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک لە سەرەتای مانگی مارتەوە ، کۆرسێکی زمانی کوردی دەکاتەوە لە شاری کەرکوکو دووزدا کە ئەم بابەتانەی تیا دەوترێنەوە (رێزمان - رێنوس - چیرۆک - هۆنراوە) دیموکراتی کوردستان لە وە هەموو ئارەزوومەندێک بۆی هەیە بەشداری تیابکات ٠

٥ - یەکێتیی قوتابیانی کوردستان - لقی کەرکوک ٠ ژمارەی یەکی گۆڤاری (باباگۆرگۆڕ)ی دەرکرد کە کۆمەڵە بابەتێکی نایابی تیایە ٠

٣ - یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان نیازی دامەزراندنی تێپێکی هونەریو دەرهێنانی گۆڤارێکی دەوری هەیە ٠٠ وەدوا کاتی وەرگرتنی بەرهەم رۆژی ١١ مارتی داهاتوو ئەبێت ٠٠ لیژنەیەکی تایبەتی دائەنرێت بۆ دیاری کردنی باشترین بەرهەم لەو سێ لقەدا ٠٠ هەموو نووسەرێکی کەرکوک بۆی هەیە بەشداری تیا بکات ٠

٦ - یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە چاپدەکات ٠

هیوا شوان

سەعات چوار رۆژی ١٤-٢-١٩٧٣ دا ئاهەنگێکی گۆرانیو هەڵپەڕکێی کوردی گێڕرا ، وە لەم ئاهەنگەدا شانۆگەریی (دڕکو دال) لە نووسینو دەرهێنانی هونەرمەند (مەهدی نومێد) پێش کەش کرا ، بلیتی ئاهەنگەکەش (٢٥٠-٥٠٠) فلسە ٠

٧ - وەزارەتی کاروباری ژوورو - بەڕیوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی ، بڕیاریدا کە مامۆستایان (محمد رضا امین) و (رضا شوان) بەزمانی کوردی لەو ئەفلامە پەروەردەییانە بکۆڵنەوەو بدوێن کە لە تەلەفزیونی کەرکوکدا پێش کەش دەکرێت ٠

٨ - بەم زوانە مامۆستا عبدالله سەراج کۆمەڵە هۆنراوەیەکی لە ژێرناوی (٣ هەنگاو بەرەو خۆر) چاپدەکات ٠

هیوا شوان

چاپخانەیەک بۆ دەزگای رۆشنبیری کرێکاران

دەزگای ئاراستەکردن بڕریاری داوە کە ٢٥ هەزار دینار بو دامەزراندنی چاپخانەی دەزگای رۆشنبیری کریکاران تەرخان بکات ٠

وە هەروەها دەستەلاتی جێبەجێ کردنی ئیشەکەو خەرج کردنی پارەکەی داوە بە وەزارەتی ئیشو کاروباری کۆمەلایەتی ٠

کومپانیای ئەفریقا

کۆمپانیای ئەفەریقا نیازی هەیە ئەمسال بای ٣٩٠ هەزارو ٤٥٠ دینار سەلاجەی میسری بو عیراق بینیت ، وە ئەبانی ئەو پارەیە عیراق نەوتی خاو بەمیسر ئەدات ٠

دەمەتەقێیەکی مێژویی :

لەگەڵ مامەیێکی ئیختیاردا

رێم کەوتە سەرچاوەی (ئەلم (کۆنە پایتەختی میرنشینی ئەردەڵانیەکان) ٠٠ لەبناری شارەزوور ، چاوم بەمامەیێکی ئیختیار کەوت ٠

سەرەتای گوفتوگۆ کردنمان بەیەکتر ناسین دەسی پێ کردو ئینجا هاتینە سەر بابەتەکانی رۆژگارو یادگارە کۆنەکانی ئەو ناوچەیە ٠٠

- کەلێک شوینەواری کۆن ئەبینم کەنمونەی دەسەڵاتدارێتی سەردەمێکی رابوردوو جێ ئەژەرکەیێکی هونەری بەردتاشیو شوراسازیو خانوبەرەی ئەوسەردەمەیە دیارە ٠

(سەرێکی باداو زەردە خەنەیەک هاتە سەر لێوی و تیلایی چاوەکانی سەریکی کردم) ٠

- ئێرە کۆنە پایتەختی بنەماڵەو حوکمرانیتی ئەردەڵانیەکان بووە ، میرەکانی ئەردەڵان هاوینان لێرەو زستانان لەقەڵای مەریوانو شاری سنە ژیانیان ئەبردە سەر ٠

- ئەو ئەشکەوتە وەکو بەدەست دروست کرابێ وایە

- بەڵی ئەوە پێی ئەڵێن (تاقی خان ئەحمەد خانو کلاوزەڕ) خان ئەحمەد حاسی زەلم کە حوکمرانی ئیرە بوو لەساڵی ١٠٣٩ی کۆچی دا ، ئەو ئەشکەوتەی دروست کردوە ٠

- زانیمان خان ئەحمەد خان میری ئەردەڵانی بوو ، ئەی (کلاوزەڕ) کێیە ؟

- کلاوزەڕ ٠٠ خێزانی خان ئەحمەد خانو خوشکی شاعەباسی سەفەوی بووە ٠

- چۆن لەو ئەشکەوتەدا ، بەو شاخە بەرزەوە ژیاوونو چۆن چونەتە ناویەوە ؟

- هەر لەئەشکەوتەکەوە بۆ ناو چەم بەردەکەیان کون کردوەو کردویانە بە پلیکانەو لەوێوە هاتۆچۆیان کردوەو ئاوو زەخیرەیان لەوێوە بردووە ٠

- چەند پلیکانەیەک ئەبێت ٠

- نزیکەی (٢٠٠) پلیکانەیەک بووە

- ئینجا ئەو راڕەوە تاریک نەبووە ؟

- لە کاتی خۆیا هەر لەنێوان ١٠ تا ١٥ پلەدا دەلاقەیێکی بچوکی بۆ کراوە کە روناکی لێوە چووەتە ژورەوە ، بەڵام ئێستە زوربەی پلەکان شکاوونو شوێنەواریان بەئاستەم دیارە ٠

- ئەم خۆ ماندو کردەیان بۆچی بووە ؟

- لەو سەردەمەدا رۆژگاری شەڕو کێشەو بگرەو بەردە بووە بە تایبەتی وڵاتی کوردەواری جگە لەوە لەناو خۆیاً عەشیرەنگەریو دووبەرەکایەتی بونو هەر هۆزەی حوکمی خۆی ئەکردو ئەوزو ئەچوون بەکژ یەکا ، کەلێک جاریش ئەبوو بە مەکۆی شەڕو شۆڕی دراوسێکانی وەکو توزکو عەرەب وفارس ٠ ئەمانیش بۆ ئەوەی بتوانن بە بێ وەبی بژین ئەو شوێنە قایمەیان بۆ حەوانەوەی خۆیان دروست کردووە ٠

- ئەی ئەو شورا دریژە چیەو چی لێ ئەزانی

- وەختێک شاعەباسی سەفەوی چاوی سورخابی کوڕی خان ئەحمەد خان (کە خوشکەزای خۆی بوە) ٠٠ هەڵی کۆڵیو بەکوێری ناردیەوە بۆ (خورمال) ٠٠ خان ئەحمەد خان ئوقرەی لەلانەما ، بۆ تۆڵەسەندن خۆی گورج کردەوە ، لەپێشا ئەو شورا گەورەیەی بەدەوری بەشێک لە وڵاتەکەیا دروست کرد ، بۆ ئەوەی لەتەنگانەدا بتوانێ لەشکرەکەی لەناو ئەوشورەیە کۆ بکاتەوەو دوژمن زەفەری پێ نەبات ٠

- ئەم شورایە تاکوێ رۆیشتوە ٠

- بەبرای خۆم بڵێم ٠٠

وەسمان

لەخورماڵەوە دەست پێ ئەکاتو لە (سیامێوە) وە ئەچێ بەو دیوداو لەچەمی (رەشان) ئەپەڕێتەوەو بە چیای (تاریدەر)دا ئەچێت بۆ بەرامبەر (قزلجە)و لەوێوە بەچیاکەی پشتی (کانیمیران)دا ئەڕوات ٠

- وادیارە بەر لە خان ئەحمەد خان شورا بەدەوری ئەم شارە کۆنەدا نەبووە ٠

- شورایەکی بچوک هەبووە کە گەمارۆی تەنیا شارەکەی دابێ ، بەڵام خان ئەحمەد خان ئەو شورە درێژەی دروست کرد ٠

- ئەو شورەیە لەچی دروست کراوە ٠

- تەنیا لەبەرد ٠٠ پانی شورەکە ٣ مەترو بەرزایی ٣ مەترە زیاتربووە ، ئیستەش لەگەڵێک جیگادا وەکو خۆی ماوەتەوە ٠

- ئەمانەی کەوتت چۆن باوەڕی پێ ئەکەی ٠

- ئەمانەم هەموو بەنەواتور بیستوە ، باوەڕیشم پێیەتی چونکە لە وڵاتەکەی خۆمایە ، ئیستەش شەوانە لەگوێ ئاگرداو بەر کوورەی مزگەووتا وەکو داستان بۆ یەکتری ئەگێڕنەوە ٠

- چی تر لەم بارەیەوە ئەزانیت ٠

- با جارێ ئەوەندە بەس بێ، پاشماوەکەی بۆ چاوپێکەوتنێکی تر ئەگەر عومر باقی بوو بەیەک ئەگەینەوەو قسەی لێ ئەکەین ٠

- جاری خوا حافیز ٠

(ئینجا لێک جیابوینەوە ٠٠ خۆزگایە جارێکی تر ئەو مامە ئیختیارەم بدیبایەتەوەو چەند پرسیارێکی ترم لێ بکردایەو چەند سەرگورشتەیێکی میژویی بۆ بگێڕامایەتەوە) ٠

بۆ ئەم باسە سودم لەچەند سەرچاوەیەکی فارسی وەرگرتوە ٠

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

نەریمان

لە ١٧ی شوباتی ساڵی

١٩٥٠ - گۆچی دوایی سیاسی نیشتمان پەروەر (سەعد سالح) ئەم نیشتمان- پەروەرە وەزیری ناوخۆی حکومەتی تەوفیق سویدی بوو و رۆژنامەو پارتە سیاسیەکانی بەناشکرا چالاکیان دەرئەبری ٠

١٩٥٢ - لە رێکەوتنێکی نەوتی لە نێوان عێراقو کومپانیا نەوتەکان بریاردرا نیوەی دەستکەوت بۆ عیراق بێت وە ساڵی ٢٠ ملیون و ٧٠٠ هەزار تەن کەمتر نەوت دەرنەهێنرێت ٠

١٩٦٤ - موحاکەمەی (جاك رۆبی) لە ئەمەریکا دەستی پێ کرد ، جاك ئەو کەسەیە (ئۆزۆلدی) کوشت ئەمیش (جون کندی) سەرۆکی ئەمەریکای کوشتبوو ٠

لە ١٨ی شوباتی ساڵی : ١٨٤٩ - شاری (ئلۆرەنسە) لە ئیتالیا جیابوەوەو سەربە- خۆیی خۆی ئاشکرا کرد ٠

١٩١٥ - لە روژانی شەڕی جیهانی یەکەمدا ژێر دەریایی- کانی ئەڵمان گەماروی دورگەی بریتانیایان دا ٠

١٩٣٢ - (مەنشوریا) کە بەشێکە لە خاکی چین کەوتبوە ژێر رکێفی ژاپۆن لەم رۆژەدا لەژاپۆن رزگاری بوو وەکو جارانی لەگەڵ چین یەکی گرتەوە ٠

١٩٥٣ - رۆژی دامەزراندنی (یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق)و بەستنی کۆنگرەی یەکەم ٠

لە ١٩ی شوباتی ساڵی :

١٩٥٢ - لەئەنجامی مۆر- کردنی رێکەوتنی نەوت لە نێوان عێرانو کومپانیا نەوتە- کان لە شاری بەغدا مان- گرتنێکی گشتی کرا و لە دروشمەکانی پشتگیری کردنی تەئمیمی نەوت بوو لە ئێران ٠

لە ٢٠ی شوباتی ساڵی :

١٩١٩ - لە ئەفغانستان (بەچەسەقا) کودێتایەکی بەرپاکردو حەبیبوڵا خانی مەنیکی کوشتو بۆ ماوەیەک حوکمرانی کرد ٠

١٩٦٦ - کۆنگرەی (ئاشتی) لە یەمەن لە نێوان شاپەرستانو پێشکەوتوخوازان دەستی پێ کردو لە ئەنجامدا کۆتایی یان بە شەڕی ناوخۆ هێنا ٠

١٩٦٩ - لە عیراق دەستەی دووەم لە خۆفرۆشان لەسێدارە دران ژمارەیان ٨ کەس بوو ٠

لە ٢١ی شوباتی ساڵی

١٩٧٢ - سەرەك (نکسن)ی سەرۆکی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا گەیشتە (پەکین) ٠

لە ٢٢ی شوباتی ساڵی :

١٧٣٢ لەدایک بوونی (جۆرج واشنتۆن) دامەزرینەرو رزگارکەری وولاتە- یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ٠

١٨١٠ - لەدایک بوونی مۆسیقاری پولۆنی (فردریك شوبان) ٠

١٩١٨ - رۆژی دامەزراندی سوویای سوویای یەکێتی سۆڤیات ٠

١٩٦٧ - جەنەرال سۆکارنۆ سەرۆکی ئەندونیسیا ناچارکرا واز لە فەرمانڕەوایی بهێنێت بۆ جەنەرال (سۆهارتۆ)ی سەرۆکی سووپا ٠

لە ٢٣ی شوباتی ساڵی :

١٦٤٦ - گەرۆکی ئیسپانی

نقیسین ودروست‌کرنا علی نقشبندی

ژ فامیلییت ژیاین لئامیدیێ فامیلیا (بەهدینی) بو ، یت ئامیدیێ کریە پای‌تەختێ خو خودانێ کتیبا (ئیمارا بەهدینا) دبێژیت ، گەڕیدێ ئنگلیز (مستریچ)ی گوت :

ئەز دئامیدیێڕا دەربازبوم لسالا (١٨٢٠م)ێ ژ بوبا عیسا پێغەمبەر، ئەو دەم دەمێ حوکمێ (زبیر پاشایێ دووێ) بو ژپاشایت بەهدینا ، خەلکێ مللەتی بچافەکێ گەلەك بلند بەرێخو ددا وێ فامیلییێ چنکو دگوت : ئەف فامیلیە ژ ڕێشتا (ئیمامو مروفیت چاکن) ژ وەلییێت پاشی پێغەمبەری‌نە ، ئەون بوینە (خەلیفە) .

ژ عادەت‌و ڕەوشتیت وی دەمی ئەو بون وەکی پاشای جلکەك دکرە بەرخو ائن تشتەك (ئان شولەك) بخو کربا ئیجاد ژقەسەو ئاخفتنا ئان (تەرتیبا) (گوتنێو ڕوینشتنێ ... مللەتی بخو بکاردئینا ...

مستر (ڕیچ) دبێژیت : وی پاشای خویکو خەڕاج مللەتی وەرنەد گرت ، بەلێ هەکە تەنگاف بیا بو وەرگرتنا پارەکی ، داڕابیت لهێسترا خو سیاربیت ، ئودابیتە مێهقان لسەروکێ (عەشیرەتەکێ) ، سەرۆکێ عەشیرەتێ ئی دا (قەدری) لێ گریت و هندی

بەرپەرەکێ رەنگین ژمێژووا ئامیدیێ

پاشای ڤیابا دا هند ڕوژا مینیتەلدیوان خانا وی سەروکی ، پاشی وەکی خاترا خو دحاسەتدا ئەو سەروك دگەل دەرکەفیتە هەرکەفیتە گوندی ، ئو دا هندەك پارا کەتە تویرکەکێ نەخشین‌و دەتە دەستێ (مەیترفانێ)پاشای .

دیسان ژ عادەتێت پاشایت‌وی دەمی ئەوبو دا خولام خانێ بو ئینن داپاشا بتنێ خوت‌پاشی دا بەروکێ ژێ دخار پاسەت‌کەت لە لەنگەریکێدا ، داکەسێ نەزانیبا کاژکیرێ‌خارو چەند خار ، پاشی دا خولام بومەسینی‌و دەست شووێ ئینیت پاشی دا قەلوبناوی بو داکریت‌ودا پەلەکی ئان پشکەکا پویشی دانیتە سەر .

هەکە پاشای ڤیابا دیوانخاناوی هاتبا گرێدان ، دا سەروکێ وەزیرا گازی‌کەت داهێت خوبو چەمینیت لبەر دەسنوپێد پاشای پاشی دا فەرمان‌کەت کوڕوبنیت ، پاشی داسەرو کێت عەشیرەتا هێن ڕوینن هەرئیك‌لجهێ خو ، دا خلمەت‌کار هەرێکێ قەلوینا وی دەنەدەستی ، هەکە پاشای شولەك بئیکی ژوان هەباو ڤیابا بمینیت پشتی (قەهوە) ڤەدخار دا ڕابن دەرکەفن‌یێ قەهوە بەددایێ‌ئەو دامینیت ، دازانیت کو پاشای خلمەتەکا پێ .

دبێژن پاشایت بەهدینا دەمادچونە نێچیرێ دا جاکیت خوێت پاشایێ ئێخن‌و دا کارێ خووەکی کارێ مللەتی کەن‌و دا خو لسەر ڕۆکێ خو دڕێ‌کەن‌لهیڤیا پەزیت کویفی ، پاشای ئەفەنگ نەدگرتنە نێری‌وتوشتیرێت ژ چاز سالیێ کێم‌تر ، سالیت ژیانا پەزیت‌کویفی د دیارن (بگرێیت) شاخیت وان هەر سالەکا ژیاراوان گرێیەك لشاخیت وان زێدە دبیت .

(مستررِیچ) دبێژیت :خەلکێ ئامیدیێ دمەردن بو دانا نانێ خو دمێهقان حەوینن ،دەستێ وان یێ ڤەکریە، گەیف خوشن لسەر دانا نانێ‌خو ،ددیارن بقەسێت خوش‌و نوکتا ئامیدیێ یاگەرمە بڕوژێ ،خەلکێ وێ باهرا پتر دچنە

جانا من

عارف رشدی

ئەی جانا من ...
دەلالا من ...
دلگیرو دامای نەبە ،بێ‌گاڤان‌و کەسەرو دلمان بژی
بێ روندك بارین ...
سانجێ ژ کویراتیا دلی‌وژ رهوریشال بینەدەر ..
پاڤژکە برینا ژ خوین‌و زوخێ‌و زوهاکە چاڤان ژ روندکان
ئاخینا بەس بکێشە ...
ژانا لبن پێن ئەفین‌و ژیناگەش هویرکە
دا دل بشکوریت ..
دا ژین بکەنیت ..
دا نەمینن برین‌و ئاخ‌وکوڤان
جانا من ...
دێ بمە موم‌و شەمالك..دابسوژم
وەهەیە پەروانەبی لدورمن بفری

ئەزگوتنەك وداستانا "مەم وزین"ێ

فارس عەبدوللا
- بەغدا -

کوردان، هەمی دەما لدیو،نخاتێن‌میران‌و کوچکێن وان دهانەکرن سەیدانی بەرکەتی بوومە وەکی(قودیکێ - خودیکێ - نەینك) شارستانیەتا مللەتێ کوردیاردکەت . ژوان کەسان یێد کو بوومە دناف بەرپەرێد مەمو‌زینێدا هاتی - میرێ جزیرا بووتا - نە وەکی ژناف فانمالکادا دیاردبیت :

پرسی ژ ئەوی خەبیشەسالوس
گو نەف خەبەرە خیلافێ‌ناەوس
ئەم دێ گو حەقیقەتێ‌عەیان‌کەین
سەررشتەی توهمەتێ‌بەیان کەین
گو ئەمر بکە مەمێ‌بخوینن
هوون هەردوو دخلوەنێ‌گو روینن
مەم عاشقو صادق بزان‌قەنج
ڤێرا بلەز توبشترەنج
شەرتێ خوە ژوی بخوازەدلخواز
دێ کەشف بیت حەقیقەت‌ژراست
گاڤا گو ئەوی دکەی تومەئلوب
پێ راست بێ کی‌یە تەمەطلوب
مەم ڤێهرس‌و بەطەل‌وسینە ساڤە
خاسدا ژتەرا کو بێ‌خیلاڤە
حوبا ددلێ خوە ناکەت‌ئینکار
سررا خوە دکەت زبوتەئیقرار
ثابت قیدەها دڤی‌ئەڤینی
دی بێژی کو ناشقل زینی
باش تویی صاحبی‌کیاسەت
لایق بمینی چی‌یەسیاسەت

ئەگەر هویرك هزرا خو ئەفان‌مالکێن سەری‌دا بکەین دێ بوومە روهن بت گو (بەکروکی)دوو سەری دکر لناڤبەرا مەێ‌و زینێو میرێ بوتان . دڤی‌یاهەردوو دلداران بەدستێ میرێ بوتان بدەتە کوشتن ،(بەکروکی) گەلە جاران دکوتە میری ، مەمو زین کەتبێن‌دافا ئەڤینا ئێکن ، بەلێ میری پشت گوهێ خوڤە دهاڤێت‌ووچو پووتە پێ‌نەدکر .

هوسا بوومە دیار بوو کو کورد بڤێ یارێ گەلەك وشار- بوون‌و بایەخەکێ بلند پێددا .

ژبەر ڤێ چەندێ ، ئەر دێ بو خویندەڤانێن هێژا هندەك دیروکا ڤێ یارێ ڕێژمە سەر ڤێ گاغەزێ بگورتی :

(شەترنج) دبنکیدا یازیەکا (هیندو - ئیرانی)یەو ژ روژهەلاتی یا گەهشتی‌بە روژئاڤاو ژناف ئیرانی‌یا ، یا جوویە ناڤ عەرەبان‌و بدل خوشیێ وەرگرت‌و سەخبێری ژێ‌کر تاکو (پێغەمبەری‌ژی) ص.ع - ئەهیاخو ژێ‌نەکری‌یەو (ئیمام عومەری‌ژی) - رض - گەلەك دڤی‌یا . تاکو سەردەمێ عەباسی‌یادا ئەڤ یاری‌یە گەلەك بەلاف بوو ، تاکو دەستەکەك ژ ڤێهرس‌و پە هلەوانێن ڤێ یارێ پەیدابوون‌و چەند پرتوکەك لسەر هاتنە دانان هەروەکی بوومە ژناڤ پەرێد پەرنوکا ابن‌الندیم -ی‌دا دیاردبیت لسەر هندەك ژوان کەسێد شەهرەزا دڤێ یارێدا وەکی - العدلی - ڤی مروڤی پرتوکەك دانا لسەر ڤێ یارێ‌و ناڤ‌و دەنگێ وی بەلاف‌بوو . هەروەسا هەڤ چەرخێ وی - الرازی - کو هەردوو باڤلید ئیك بوون .

نەمازە دکوجکا - متوکل -ی‌دا دیسان ئیکێ دی پەیدابوو دکوتێ - ابو بکر الصولی - کو ژ هەمیان بناڤ‌و دەنگ‌تر بوو ، پەرتوکەك دانا ، دوو جاران چاپ‌کر .

گەلکێن دی بڤێ یارێ

بروانە : ل ٧

هاڤینگەها لسەرێ چیایێ هنداف ئامیدیێ کو دبێژنێ (سەرێ ئامیدیێ) ، پاشای خانی لوێرێ دروست کربون ، خەلکێ دی بخو (کەپر) چێدکرن ژ (چولی) و دمانە لویرێ حەتا دەمێ پاویزی .

ئامیدیێ جهەکێ بلندە پاشا بخو قەلات لێ‌چێکربون بو سەنگەرێت شەڕا ، دیسا کارێزو بیرێت کویر لێ‌کولابون بو دەمێ حسارا ، وەسا هاتبو بەلاف‌کرن لناڤ مللەتی کو پاشایت حوکم دکر ژ ڕێشتا (پێغەمبەری)نە ، خەلکێ مللەتی بچافەکێ (موقەدەس) بەرێخوخ دکرە وان ، زنکیت مالا وان ژی دکوتێ (فلان کەس ... خان) .

حوکمێ پاشا لوێ دەڤەرێ حوکمێ (ئیقطاعی) بو ، دگەل هندێ ژی یێ‌گرێدای بو (بدیانەتێ) قە ، حوکمێ وان حوکمێ (فەردی) بو (ئیکانە) هەمی شول‌و بڕیار بپاشای بون ، ئێجار مللەت‌و بەخت‌و طالعیت خو ، هەکە پاشایێ بڕەحم‌و باش‌و دلسوژ با بو مللەتی ، داماللەت نابەینەکێ ڕەحەت وتەنابیت ، لسەر بڕیارێت وی‌یت دروست ،بەلێ هەکە بێ‌دەولەتییێ لمللەتی هەودابا ، دا پاشایەکێ دین یێ نەهومار یێ زالم یێ‌پارە وەرگر لێ‌کەتە بەلا ، دا مللەت کەفیتە دادەکێ ژبەر ، دا گەلەکا وەکی بسەرهاتیا (ڕەجەبی) لێ‌کەت .

ئەو پاشا دگونەهەکار ودتاوان‌بار نەبون لسەر هەرچ بریارو کریارێت وان دابان‌و کربان ، ئو لسەر وی مللەتی هەبو کو گوهێ خو دابایێ‌و پێ‌کربا ، مللەت وەسا تیدگەهشت کو پاشا وێ‌دکەن و دبێژن یا ژعەسمانی هانی ، (اطیعوا الله والرسول راولی الامر منکم) ئێجار ئەڤەنە (اولو الامر) ، ئودەما پێغەمبەری فەرمان‌کری کو (ئیمام ژ قورەیشیاتن) پا دڤێ‌نە ئیمام ...

دڤێرەدا نەبا ڕێك‌کەتیە هەکە ئەم بێژین کو کورد دبەرهەڤ نەبون‌و بکیرەدهانن

بروانە ل ٧

ژ شین‌وارێد سەیدایێ :ەزن، خەمخورو خەمهەلکرێ مللەتێ کوردی سەروکێ تورفازو نڤیسەڤانێن مللەتێ مە - ئەحمەدێ خانی - مەمو زینە، ئەڤ پەرتوکە وەکی وێ گەنجێیە - خزینە - یا خورتێ کوردێ بناڤ‌ودەنگ خانێ لەپ‌زێرین دیتی لبن کەلەکا بەران‌و دەستهاڤێتی - کەلا دمدمی - بڤان زێران یێن وی دگەنجێدا دیتین ، ئاڤاکرو شەر دگەل شاهینشاهێ ئێرانێ کر . کو هەتا - هەتایێ ستوینەکە ژ ستوینن دیروکا خەبات‌و جەنگینا مللەتێ کورد .

ئەڤ پەرتوکە چ ژڤێ کەلێ کێم تر نینە بەلێ بهایێ وێ بو دیروکا کوردی گەلەك پترە ، شەرەکێ گەلەك مەزنتر دکەت بو مللەتێ کورد . نەمازە دگەل وان کەسان یێن کو بچافەکێ بەرەڤازی بەرێ خوددنە دیروکا کوردی ، ژبەر وان بێژەیێد سەیدایێ مەزن دارێشتینە ناڤ پەرێد ڤێ پەرتوکێو کوم‌کرینە سەر ئێك‌و هەرکەسێ دخوینیت دێ بەهایا دیروکا کوردی زانیت .

ئەڤ پەرتوکە یا پر ژ تەرزێن ژیان‌و تیتالێن کوردان، یارێد وان بەری سێ‌سەد سالان .

چا دەمێ مروڤ بەرپەرین ڤێ پەرتوکێ دخوینت دێ زانیت کا کورد گەهشتبوونە چ پەیسکەکا بلند درێکا شارستانیەتێداو پێشکەفتنێدا

دەما ئەزو هەر کوردەك نوبەرێ سەیدایێ مەزن دخوینین بال مڤە گەلەك بلند و پێشکەفتی‌یە بەلێ تا ڤێ گاڤێ خودانێن وی هێشتا دنقستینە ، هەرچەند دەنگی ڤی نوبەری لچارکنارێن دنیا تورڤانێدا یا دەنگ‌ڤەدای .

یارەك ژوان ئەڤێن من دناڤ بەرپەرێن مەمو زینێدا دینیں ، وەکی سەیدایێ خانی بومە دیارکری ، یاریا (شەترەنجێ)یە ئەڤ‌یاری‌یە گەلەکا ببەهایەناڤ



خوەیێن هەسیرێن

بوی پا هەکو دبینم‌دردڤن
دوو حورینە خەزال‌چاڤن
بدویف من‌ڤە ئەو هەردووناڤن
سویسن لبەژنین‌زراڤن
تولازن هێشتا تیرناڤن
ڕێڤینکن ئەو خودان‌داڤن
بو نێچیرا دبنێ‌دەراڤن
ف‌گول ڕەیانن بەلگ‌خوناڤن
بەیبینن لێهێ‌گوڵاڤن
قیندران ئەو بوهارتاڤن

خویندەڤانێن هێژا :

ئەم ڤێ پارچێ بەلاف دکەین‌یێ هندێ ئەم چو تشتەکی لسەر کیماسیێن وێ بێژین ،هیڤیدارین خونیدەڤانێن هێژا ڤێ چەندێ دیارکەن‌و بوومەبنقیسن ، دا بزانن کو وەنینە ئەم چو تشتا بەلاف ناکەین ،بەلکی ئەو تشت ، نە دسەرکەفتینە .

شەعبان ئەحمەد ئامیدی

دوو سۆر گولن خوناڤ‌ڕێژن
بلبلن ، ئەو بوهار بێژن
دل‌گولن ، جانن ، حوین‌مێژن
جەرگ‌و دلا لمن دکێشن
پەهلەوانن تیرهاڤێژن
چ شوین تیرێن وانائێشن
ئەگەر بینی دێ بێ‌ی‌گێژن
وەلێ ئەو گەلەکێ بهێشن
سۆر شەمالن دێم‌درێژن
چاڤ ڕەشن ئەو قەلەم‌کێشن
گول شلێرن بجانیاکەڤن
لبەیانێ بو مزدبشکڤن
جان پەرینە ، گوستیل‌دەڤن
لتاریێ ئەو تیروژ ،شەڤن
دبێژن ئەو لبەر تەنانڤن

ژرەوشتیت مللەتی

چەپەر

ژرەوشت و تیتالیت مللەتێ‌کورد حەنەك‌و و یاریا جهەکێ بلند یێ گرتێ ، باهرا پتر ژیاریا و خو پێڤە مژیل‌کرنێ ، دەمێ بهار وهاڤینە‌و پاویز،دەمێنە کرن ، بەلێ یاریێت زڤستانێ د جودانە ، زڤستان‌لجهێ کوردا یا درێژە ، یا تەر و تەلیسە ، یا برێژی و بەفر و شلوڤە یە ، کەسپ و کار و جل و بەرگیت وی دەمی‌دجودانە دیسا ڕێنج بەریا وی دەمی ، لهەژمارا چوی مەبەحسێ‌یاریا (چیڤوپلیتانێ) کربو . ڤێ جارێ دێ بەحسێ یاریەکادی کەین ، دیسان ژ وی کرتی گەلەك یاریێت دی ژی یت هەین‌هندەکا ئەم دزانین و هندەکنت دی دبەرزەنە لنك مە ، هیڤی‌دکەین ، کی‌یێ ژێ بزانیت ، کا چاوا دکەن بو مە بنقیسیت دابەرزە نەبن ، و دا بهینە هەژمارێ د دناڤ ڕێزێت‌ڕەوشتێ کورد دا ، ژ وان یاریێت ئەم دزانین ئڤنەنە :-تویسانێ . چیڤوپلیتانێ . چیخنانێ . کورکومیرکاتێ .

بەکێ بن پیا . کێل‌ڤیلانێ . کێلکامیرا ، کابانێ (جوتانی - هەلاتینکانێ - ڕێزانی‌سێ‌کاب - تفەوچکە - نیلکانێ - دەڤانێ - هندی بچون)پارسەنگانێ .

بەر ڕاست‌کرن - هەوارامەبدێنە . کەرکێ‌کەڕاجو . پێنجوکانێ (دەهوکانێ . ئارمانجانێ (بتڤەنگێ - ببەرا - ببەرتفکا - ببەندەکێ‌بدەبانجێ - بکڤانی - بتیرو- کڤانی) برانێ . ڤەشارتکانێ‌کونج - کونجێ گورزێ کوزە . مریشکا ڕەش . عنتەرێ . میتوهەلەڤەن - دولەڤەن ئیشقلکی . پێکێ قولونگی . هێکانێ(جوتانێ - مێشکانێ - ڕێزانێ) چتو کتانێ . قلوپەندکانێ . خشکی . موریکانێ . ئاخە- پولکانێ . ماشیلوتکانێ . شێعرانێ . مەتەلوك . مالی منا . پەل پەلانێ . عەدل . حللەیلانێ‌خانیکانێ . گیاکێ پیرێ . پەزکێ بنەخ - بنەخ . چافنقینکانێ . گووانێ کاشانێ

توپانێ (تەپکانا شارا) زێدە- گاڤانێ . سێ‌گاڤان .

قوچانێ . غاردان (بپیا ، بدەوارا) . ئورتە . کویز شکەستکانێ . پیری دمرم بجانی دمرم . سیڤوکانێ نەڕو هشکی . پەل پەلانێ . ئاگرێ تیتێ . ناڤبەڕێ . عنزەنلا بڕێز . شەڕێ بەرقانیا . چافزلکانێ .

گولچکانێ . خولیکدان .

هندەك ڕەوشتیت دی یت هەین‌کورد بکار دئینن بەردەوام وەکی چونا مازیا - بەربێکانێ . کەنگرو کەنگروکا و گیایت بهارێ - چنینا گوهیشکا - بەردافاو سویتێ - گرتنا بەنیشتی وگەزووێ . ژ بلی کو پێ بێژ و لاوك‌و حەیرانکا ئەوان ژی دێ نڤیسین بدروستاهی ، پاشی دێ کەینە (کتیب) داخاندەڤانیت کورد بخوینن ، و دابمینن و بەرزە نەبن ، مەیت بەرهەڤ‌کرین‌هەکو بدروستاهی ئەم ژێ خلاس بوین دێ چاپ ، و دبیت هێژ ئەڤ زنجیرە ژ ڕەوشتی خلاس نە بوی خانەڤانیت کورد وێ کتێبێ ببینن .

ئاخفتنەکا بێدڤ

دڤێ گوتارێدا من دڤیت راستی‌یەکێ بێخمە بەرچاڤێن خویندەڤانێن هێژاو بەرکەتی ، لسەر کێنگاشا ئەحمەد موخلسێ نەمر ، ئەوا کو سەیدایێن بەرێز صادق بهاءالدین‌و مەحەمەد ئەمین‌و خالد حسین‌و سەیدایێ مائی ، تێدا بەرهەنگاری ئێك بووین .

لقێرێ من نەڤیت ئاڤا شێلی شێلی‌تر بکەم ئان پشتەڤانیا لایەکی بکەم‌و لایێ‌دی بشکێنم، ئان ژی هەر چارا نەهەق‌کەم ، بەلێ هندی بشێم دێ ئاڤێ زەلال‌کەم .

ئەم هەمی دزانین کو وان ڕەنگە گوتارا چ سوودێ خویندەڤانی تێدا نەبوو ، هەروەسا ئەم نەشێین بریارێ بدەین کانێ کیشکێ ڕاستەو ژ بەرچی ڕاستە ؟ بەلێ یاراستر ئەو بوو هەکە برادەر خالدی ئاگەهداریەك بلاڤ‌کربا لروژنامەکێ ، تێدا دیارکربا بو هزار کەسەکی یێ‌کو هورانێن سەیدایێ نەمەر ئەحمەد موخلسی لدەف هەبن ڤرێ‌بکەتە وی جهێ خالد لێ .

چونکو ئەم هەمی دزانین کو سەیدایێ نەمر ڤەڕێژەکا زۆرا هەی‌و یا بەلاڤە لنك گەلەکا ، وێ گاڤێ هەکە میرات‌گرەکێ سەیدایێ ئەحمەد هەبا دا خو دیارکەت‌و بریارا خو لسەر دەت‌و لەگەل هندێ‌ژی دا هەمی پێزانن ، داشێن دەستێن خو درێژکەن بو هاریکاریێ .

بڤی ڕەنگی داشێن گەهنە دویماهیەکا باش‌و پر قازانج . هەروەسا دا مافێ سەیدایێ نەمر بدروستی دەنێ‌و نافێ وی بلندکەن‌و ئینەنەرێزا هوزانڤانێن دی‌و لەگەل هندێ‌ژی دا قازانجا خویندەڤانی‌و ڕەخنەگری دا پتر تێدا هەبیت ، چونکو داشێن ڤەرێژا وی هەمیێ بێگفەو بدروستی خوینن‌و بهایێ وی دەنێ . بەلێ پارچە - پارچەکرنا دیوانا وی بوی ڕەنگێ مە دیتی بێ‌گومان داخەکا مەزنە بوومە هەمیا ، نەخاسمە سەیدایێ مەزن نە ئەوە یێ‌کو ژمیرۆوەرە ئەمرێ خودێ‌کری ، ئان ژی هو زانڤانەکێ بەرزە بوو کەسێ دا بگەهینە هیڤی‌و ئارمانجێز هەشت سال تێ‌نینەو پشتی هندێ کێم‌کەس هەبن گوهلهوزانێن وی نەبوبیت .

ڤێجا بلا ئەم خەمێ نەخوین هەکە هندەك دیوانێن چەرخێن بووری بەرزە بووبن‌و نەگەهشتینە مەو گەلەك باش بوو خانیێ نەمر لچەرخێ مە نە ، هەکە دا ڤەرێزا وی ژی بەرزەکەین !!

لدویماهیێ من دڤێ دیارکەم کو چ کەس ژمە ژنەراستی‌و نەباشیی‌و نەزانینێ بێ‌بەهر نینە ڤێجا هیڤیا مە ئەوە ئەم خو دروست‌و راست‌و باش‌و زانابکەین‌و کیماسیێن خو چارەسەربکەین‌و هاریکاریا ئێك‌و دوو بکەین‌و بدلەکێ زەلال‌و سپی دگەل ئێك بیزڤین دا بگەهینە هیڤی‌و ئارمانجێز .

ئەحمەد عەلی دوسکی

لاپەڕە (٥)

institutkurde de paris

بالە هونەر بگەین

عبدالله سەراج

بەشی یەکەم
پێشەکی

لەوەتی مرۆڤ لەم گیتی‌یەدا هاتۆتە ناو، وێڵو سەرگەردانی بیابانی ئەندێشەو هۆشەوە لە ناو بازنەیەکی سەیر ئەخولێتەوە ، هەر چەندەهەنگاوێك بۆ پێش یان دوا ئەبات ، لەسنووری ئەوبازنەیەوە بازنەی تری لێ‌پەیدا ئەبێ بەڵام لە دیلیتی‌بازنە زلەکەی هەمیشە کۆششی کردووە بۆ ئەوەی بێ‌پسێنێ ، بۆ ئەم مەبەستەش دوو ڕێگای گرتووە : یەکەمیان‌ڕێچکەی فەلسەفە بۆ خەملاندن و سنوور دانانی مێشك‌و هۆشی‌دووەمیان : ڕێچکەی هونەر بۆ زاخاو دانی هەستو خولیای‌دەرونی ، ئەم دوو ڕێچکەیە گێژەنگی لێکدانەوەو خەووئاواتە نادیاری‌یەکانی ئەگرێتە باوەش .

گۆڕانی زانستو فەلسەفەو تیورەکان هەر وەهاش گۆڕانی ناوەرۆکی هونەرو شێوەو سیستەمەکانی ئەوە ئەسەلمێنێ کە مرۆڤی سەر لێ‌شێواو هەر ناوەکی‌و عەودالەو دڵدارەکەی نەدۆزیوەتەوە کە ئەویش (ڕاستی)و (خۆیەتی) .

ووشەی « هونەر » لەم سەردەمەی ئێمەدا هەموو ئەو ڕێبازانە ئەگرێتەوە کە مرۆڤ دایئەهێنێ (الابداع) بە مەرجێك جوان‌بێ‌و داهێنانی پێوە بەدی بکرێت .

ووشەی « هونەر » وەك‌هەمو ووشەیەکی فەرهەنگ ، پەیوەندی‌یەکی بەهێزی هەیە بە مێژووی گەلانەوە ،مەبەست‌و نیازەکانی بە گوێرەی‌چیاوازی‌و گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی ڕامیاری‌و ئابوری .. (هتد) ئەگۆڕێ . ئەگەر بێتو هەندێك بەرەو دواوە بگەڕێینەوە ، سەرنج لە مێژووی کۆن بدەین بۆمان ئاشکرا ئەبێ کە (لاتینی)یەکان بۆ یەکەم جار وشەی هونەریان بەکار هێناوە ، بەڵام جیاواز لە مانای ئێستای . هونەر لای ئەوان : ووردەکاری دەستکردی ئەگرتەوە وەك پیشەساری‌ی ئاسن و مسو زەرد ، لەگەڵ تاشینی بەردو کۆڵینی دارو کانەکانی‌تر ، هەر وەهاش (پزیشکی) جۆرێك بووە لە هونەر لەو سەردەمانەدا ..

لە سەدەکانی ناوەڕاست ، ووشەی هونەر بۆ باس کردن‌و لێکۆلینەوەکانی ڕێزمان‌و ئەستێرە شوناسی‌و تەلیسم کاری‌و (مەنتق) بەکار هاتووە .

بەڵام لەسەدەی ڕاپەڕین‌دا (عصر النهضه) ووشەی هونەر ئەو کارانەی ئەگرتەوە کە پێویستی‌یان بە چالاکی‌و دلێری‌و ووردەکاری دەستەوە هەبوو ،بەمجۆرە هونەر هەتاکو چەرخی حەفدەمین وا مایەوە ، بەڵام لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم هەوڵو تەقەلایەکی زۆر بەرپا کرا بۆ دانانی بناغەیەکی بەتین بۆ جیاکردنەوەی (هونەرە جوانەکان) لە (هونەرە سوود بەخشەکان) بەم جۆرە ووشەی هونەر چووە قەوارەیەکی ترەوە کەوا تەنها ! جوانی‌و ناسکی‌و بێ‌گەردی بگرێتەوە ، کە توانایەکی تەواوی بلیمەتانەی ئەوێ ، بگرەش هونەر ئەو هەموو شتانەی گرتەوە کەوا پەیوەندی‌یان بە جوانی‌یەوە هەبوو ، بەڵام لەم سەردەمەی ئێمەدا مەبەست لە هونەر ، جیاوازی تەواوی هەیە لەگەڵ مەبەستەکانی (المعانی) ، لە سەدەکانی پێشوو بۆیە ناچارم بە دوورو درێژی لەم بارەوە بدوێم .

تێبینی

بۆ نووسینی ئەم لێکۆلینەوە هونەری‌یە چەند سەرچاوەیەکم هەیە ، لە کۆتایی دا ناویان ئەبەم ، تکایە لە هەر نووسەرێك‌و ڕەخنەگرێك کە ئەیەوێ دەست لەم زاخاوە وەر دات ، کەمێ پشوو بگرێت بۆ ئەوەی لە ووتنەکەم بیمەوە ، ئەوساکە گۆڕەپان فراوانە .

ع . سەراج

باوەژنێك

بارام

شەوێکی ساردی پایز بوو ، بە دەوری‌کوورەی مزگەونەکەدا ئەلقەمان دابوو ، هەرکەسە باسێکی ئەگێڕایەوە ، نۆرە هاتە سەرباسی باوەژن ..

یەکێك لە هاوڕێکانم وتی :- (چیرۆکێك .. یا بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەتان بۆ ئەگێڕمەوە کە لە کاتی خۆیا رویداوە ..)(٩)

جاران زوربەی خەڵك بە بەخیوکردنی مەڕو ماڵاتو ئاژەڵداریەوە خەریك بوون ، ئەو ڕێگایەی کە لە شیوی ئاشەکانەوە بە دەربەندە سەختەکەدا ئەچێ بۆ ئەشکەوتەکەی (هەزار ئەستوون) ئەوە شەقامەڕێ لخێلە کوچەڕەکان بوو .

هەوەڵی زستان ئەبێ دوو ڕاوچی ئازاو بە جەرگ ئەچن بۆ ڕاو ، شەو لە ئەشکەوتەکە ئەمێننەوەو ئاگر ئەکەنەوەو تفەنگەکانیان ئەنێنە ژێر سەریانو پێ ئەکەنە ئاگرەکەو ئەخەوون .. نیوە شەو یەکێکیان خەبەری ئەبێتەوە تەماشا ئەکات هاوڕێکەی نەماوە ، ماوەیەك چاوەڕوانی کاتەدا دەعباکە بە دەستیەوە ئەزێکینێ‌و خۆی شل ئەکات .. ئەمیش وردە وردە ئەی هێنێتە سەرەوەو تەماشا نەکات وەکو ئادەمیزاد وایە ، هەر بەو شەوە ئەی هێنێتەوە بۆ ناوابی کە مانی ئەگرت بە قامچی قژە سەرەکەی ڕاکەکیشا ئینجا بە دەستیەوە شل ئەبو .. هەر چۆنێك بو ئەی هێنێتەوە ئاوایی‌و ئەڵێ (ئەمە هاوڕی‌کەمی خواردوە ..) خەڵکی زۆر سەرنجی ئەدەن‌و لە شوێنێکی تایبەتیا ئەی بەستنەوە .. لەپاش ماوەیەکی زۆر هۆشی دێتەوە بەرخۆو ئەکەوێتە قسەکردن‌و وتی :-

لە بیرم دێت منال بوم ،کچی سەر کوماری فلان خێڵ بوم هەمو ساڵێك بەهاران لەم دەزبەندەوە ئەچوین بۆ کویستان تازە کچێکی شوخ بووم ، باوەژنێکم هەبو زۆر ڕقی لەمن بوو ، لە هەوڵی ئەوەدا بو لە ناووم بەرێ‌و بم‌فەوتێنێ ، خێڵەکەمان‌گەیشتە دەربەندەکەو منیش سواری بارگە(٣) یەك بوم ، باوەژنەکەشم سواری ماینێك بوبو .. ڕەنجبەرێکمان بوو زۆر دڵ ڕەق‌و لە خوا نەترس بوو ، ئاگام لێ‌بو باوەژنم ئیشارەتی بۆ کردو ئەویش بە هەردو دەست بن باڵی گرتم‌و لەسەر بارگەکە دای بەزاندمو بە پەلە بردمی خستمیە ناو کونە شاخێکی قوولی تاریکەوە .. ئەو شەوو ڕۆژەم زۆر بە ناخۆشی لێ ڕۆیشت ، دێتە یادم لەسەرەتای ئەو ژیانەمدا لە هەوەڵەوە بە بەرۆژ ئەهاتمە دەرەوە بەڕوو گیاو گوێژو بەری دارەکانم ئەخواردو بەشەو ئەگەڕامەوە بۆ ناو کونە شاخەکە .. تاکو وام لێهات بە ڕۆژ خۆم ئەشاردەوە بە شەو ئەهاتمە دەرەوە بۆ شت خواردن .. ئا لەو کاتەوە ئیتر هۆشم بەسەر ژیانمەوە نەماوەو نازانم چۆن هاتوومە ئێرە ..

---

١ - باسیکی وەك ئەم باسەم لە کتێبێکی فارسیدا خویندۆتەوە .

٢ - شەوبەن بەو قایشە باریکە ئەڵێن کە لە مشتوی خەنجەر ئەخرێ بۆ ئەوەی نەکەوێتە اخوارەوە .!

٣ - بارێك پێخەفە ئەینێن لە وڵاخ .

قانع و شیعری نەتەوایەتی

مەغدید سۆران

قانیع یەکێکە لە شاعیرە دلسۆزەکانی نەتەوەکەمان ، بەڵای منەوە سەرکەوتوترین‌شاعیری کوردبووە لە سەدەی بیستەما کە توانیبیەتی بەسادەترین زمان بووبێتەزمانی حاڵی زۆربەی گەلی کوردو ناڕەزایی خۆی بە چاکترین شێوە لەیاسای ناڕەوای دەرەبەگایەتی دەربڕیبێ .

جا بۆ ئەوەی بەباشی قانیعی‌شۆڕشگێڕو کوردپەروەرو مرۆڤ دۆست بناسین پێویستە مێژووی ژیانی پرناسۆرو ئەشکەنجەی بزانین .

قانیع لە ساڵی ١٨٩٨ زایینی‌لەدێی (ریشێن) لەبنەماڵەی شارەزور لە دایك‌بووە ، ناوی‌شێخ محمد کوری شێخ عەبدولقادری دۆلاشێیە ،لەبنەماڵەیەکی ئایینی‌و ساداتی مەریوانە ، لەبەرئەوەی باوکی‌پیاوێکی مەردو چاکە خوازی مەریوان بووەو سەری بۆ میروخانەکان دانەنواندووە ئوشی ناکۆکی‌و ململانەیەکی سەختەهاتووە ، لە ئەنجاما لەترسی دەربەگە خوێن مژەکانی ئەوناوچەیە پەنا ئەباتە بنەماڵەی شارەزوورەوە ... لەوکەین‌وکواستنەوەو هاتو چرونەدا ئازارێکی تەنی‌و گیانی زۆرئەبینی بەجۆرێ کە لە پاش چل‌ڕۆژدا کۆچی دوایی دەکات .

بەم جۆرە ژیانی ئەو خێزانە ڕەش‌وروتە دژوارتردەبێ .. بە ناچاری دایکی قانیع دێتەکۆری کارونان پەیداکردن ، چالاکانە ئەم ئەرکە سەختەئەگرێتە ئەستۆ ... بەڵام وایێ دەچێ دەستی ڕەشی‌چەرخی چەپگەرد بەو هەموو ئازارو دەردە کوشندەش‌وازناهێنێ ... لەپاش مردنی باوکی بە دوو ساڵ دایکیشی‌کەتاقە نان‌پەیداکەریان بووە ، بەنامرادی سەرئەنینەو،وقانیعی بێ دەرەتان لەناو ئەو ژیانە پێچیدەیەدا بەجێ دێڵێ.. تاتەمەنی دەگا بە هەشت نۆ ساڵان زۆر بە کلۆڵی وبێ‌ودەرەتانی ژیان ئەباتە سەر .. لە پاش‌ئەو ماوەیەدا بەرەووشتی ئەو ڕۆژگارە بەکۆمەکی سەید حوسێن ناوێ پەنا ئەباتەبەرحوجرە .. بەو هەنگاوە دەرگای زانستی ئەوسەردەمەی‌بۆ دەکرێتەوە .. بۆ خوێندن ئەچێتە سابلاغو بۆکان‌و شنۆو نەغەدەو کۆیەو هەولێر ، کەرکوك‌و سولێمانی‌و هەلەبجە وبیارە ... تا زانستی‌مەلایەتی تەواو کردووە .. ئەو ماوە لەجیاتی وەك مەلاکانیتر ببێتە مەلای مزگەوتێك‌و دەرس بڵێتەوە .. لەگەڵ ئەوەی زۆریشی تکا لێ‌دەکەن بە هەوەس ڕەووشتی ئازادانەی تایبەتی بەخۆی بەبێ ئەوەی کەسێ پالی پێوە بنێ یا شتێ کاری تێ بکا ئیشی ئاشەوانی بۆ خۆی هەلدەبژێرێ !! ئەو هەلوێستەی قانیع ئەگەر شتێك بگەیێنی بێگومان ئەوە دەگەیێنی کە کۆت‌و پەیوەندی زەرێتی کۆمەلایەتی وە لانایە بۆ ئەوەی بەسەر بەستی بژی .

لەم بابەتەوە لە وەلامی موفتی پێخوێنەوە دەڵێ :

لەسایەی عیزەتی زەفسم لە پاشا مەرحەبا ناکەم
لە ئەربابی کەرەم دوورم بەکەس خۆم ئاشنا ناکەم
کراسی چەرمی خۆم ئەدرم سوالی سەرکەوا ناکەم
ئەگەرچی لەخطەیەك دەردو خەمو قەهرم بەبا نادەم
ئیلاهی زۆر شوکور ئومێدی نانی من لە شا ناکەم

لێرەدا بە باشی ڕەووشتی ئازادانەو خووی مەردانەی قانیع دەر ئەکەوێ ... لەساڵەکانی ١٩٢٠ - ١٩٣٠ واتە لەپاش شەری یەکەمی جیهان کە دەولەتی عوسمانی لەناوچوو ، دەولەتە داگیر کەرەکان کەوتنە جموجۆل بۆ دابەش کردنی میرات ..

جووڵانەوەی کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەکەمی جیاوازی بۆوە دەست هێنانی ئازادی‌و سەربەستی‌و سەربەخۆیی شێوەیەکی کاریگەرترو ئاراستەتری وەر گرت ... لەو سەردەمەدا قانیع مەردانە سینە دەر ئەبڕێ‌و وەك ڕووێکی هەستیاری کوردایەتی تازە دەڵێ :

هەمووکەس شارەزای من بێ کەشێرو شێرەژای کوردم
بەدایم گوێ بەرئاوازی دەلیل‌و ڕهنوەمای کوردم
خوا نەیکا ئەگەر دەردی زهوری کرد لە کوردستان
وەکو قۆچی خلیل الله بە قوربان‌و فیدای کوردم

گەرچی قانیع بەر لەو ڕێبازە نیشتمانی‌یە وانەی شیعری دلداری لە مامۆستایانی هونراوەی دڵداری فارسی وەرگرتووە ، بەڵام ئەوبارە سەختو نالەبارەی کە نەتەوەکەی تیایا ژیاوە هەستو وێژدانی تەکاندا وەکو هەر نووسەرێکی دلسۆزی گەلەکەی مەردانە ئەرکی ئەو قۆناخەی خستە سەرشان .

*

لەو سەردەمەدا گەلی کورد لەژێر چەند بری گراندا بوو ، وولاتی پارچە پارچە کراو ، لە هەموو مافێکی نەتەوایەتیش بێ بەش کرابوو .. هەر پارچەیەکی بە دەولەتێك بەسترابووە ، هەر دەولەتیکیش لەو دەولەتانە بە دەولەتێکی بە هێزی ئیستیعماری‌یەوە بەسترابۆوە سەرەڕای ئەوو هەموو دەردانەش ، چەوساندەوەی چینایەتی ، هەژاری ، نەخوێندەواری ، چەند کۆسپەیەکی تری سەر ڕێگای ئامانجی نەتەوەی کورد بوون ... جا قانیعی هەستیاری بلیمەت بەم جۆرەی خوارەوە دەردەکانی کۆمەلایەتیمان بۆ دەست نیشان دەکات :-

چوار شتن ئەمرۆکە بوونە نەگبەتی کوردی هەژار

بروانە ل : -٧-

٧ ی سیارە

نوسەرو ڕۆشنبیرانی کوردستان

ممتاز حیدری

وەڵامی مامۆستا دڵزار

پرسیاری یەکەم : نووسینی کوردی لەکەیەوە باوە ؟

وەڵام : وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان‌نی‌یە ، چونکە هیچ بەڵگەو دەستاویزێکی کۆنمان بەدەستەوە نی‌یە جگە لەو هۆنراوە چوار شیعری‌یەزەردەشتی‌یە کە بەشێوەی هەورامی لەسەر پێستێك نووسراوەو لەم دووابیەدا لە ئەشکەوتی هەزارمێردا لەنزیك سولەیمانی دۆزراوەتەوەکە باسی پەلاماردانی سوپای عەرەب ئەکات بۆسەر ناوچەی شارەزوورو چۆن گەورە گەورەکان‌لەترسی زۆرداری ئەوان خۆیان شاردۆتەوەو مەردە ئازایەکان‌لەخوێنی خۆیانا تل‌ئەخۆن‌و کچەکانیان بەدیل بردون‌و ئاگری پەرستگایەکان کوژاونەتەوەو ئاهوورە مەزداش بەزەیی‌بە کەسدا نایەتەوە ... وەجگە لەچوارینەکانی باباتاهیری‌هەمەدانی کە بەر لە هەزار ساڵ ووتراون‌و هەروەها ئەوکتێبە ئایینی‌یەش کە بە هەورامی‌و بەناوی (مازیفەتی) پیرشالیار نووسراوە .

ئەڵێم بێجگە لەمانە هیچ‌بەڵگەیەکی بەر لەسەردەمی ئیسلامی‌مان لەبەر دەستا نیە کە بەزمانی کوردی نووسرابێ، تەنانەت ئەو چەند پارچەیەی‌ئاویستای زەردەشتیشمان بەر چاو نەکەوتووە کە ئەڵێن ماوە، هەرچەندە بەکوردیشی نازانم بارەگیکیش بێ لە شارەکەکانی‌زمانی کوردی ئەم سەردەمەمان.

لەسەدەی دەهەمی زایینەوەشان‌بەشانی شیعر ، نووسینی پەخشانیش هەبووە وەك‌ڕێزمان‌و فەرهەنگ‌و نووسینی ئایینی .. هەر لەعەلی‌ترمماخی‌یەوە تادەگاتە ئەحمەدی خانی‌و شیخ‌مارفی نۆدێی‌یی .

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ‌کە نووسینی کوردی هەرچەند پتر لە هەزار ساڵە هەیە ، بەڵام‌لەگەڵ ئەمەشدا باونەبووە ، بەڕای من بەر لەدەرچوونی‌یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لەساڵی ١٨٩٨دالەلایەن مدحت بەدرخانەوە نووسینی کوردی باونەبووە ،واتا بڕەوی لەسەر نەبووە ، تەنانەت ئەتوانم بڵێم لەدووای‌شەڕی یەکەمی جیهانی‌یەوە نووسینی کوردی بۆتە باوئەویش نەك لە هەموو گۆشەو سووچێکی کوردستانا ، بێ‌گومان لەبەر نەبوونی دەستەڵاتی سیاسی .

پرسیاری‌دووەم : لەسەرەتای‌پەیدابوونی نووسینی کوردی‌یەوە چ جۆرە نووسینێك‌باوبووە ، چیرۆك ، ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، ئایینی‌و.... هتد ؟

وەڵام : جگە لەشیعر هیچ بەڵگەیەکی کۆنی نووسینی کوردیمان بەدەستەوە نی‌یە ،بەڵام لەسەدەی‌دەیەمی زایینەوە تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووهەندێ بەڵگەی نووسینی‌کوردی هەن وەك ڕێزمان‌و گەشت‌-نامەیەکی عەلی ترمماخی کە ئەنسکلوپیدیای ئیسلامی باسی‌کردووەو فەرهەنگی نەوبەهاری ئەحمەدی‌خانی‌و ئەحمەدی‌یەکەی‌شیخ مارفی نۆدێی‌یی و گەلێ کتێب‌و نووسینی‌تر بەشیعروبەخشان وەك مەولوودنامەو حیکایەتی غەزاکانی ئیسلام‌و.... هتد .

بەڵام لەئەنجامی پەیدابوونی‌برجوازیەت‌و بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازی لەناوکەلی‌کوردیدا ، لەکۆتایی سەدەی نوزدەهەم‌و سەرەتای سەدەی‌بیستەمدا ، گەلێ حزب‌و ڕێکخراوی سیاسی بێك هات‌وڕۆژانی ڕۆژنامەگەری‌یەتی‌دەستی پێ‌کردو نووسینی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یش پەرەی‌سەند .

پرسیاری سێیەم : چ جۆرە کوسپێك هاتووەتە بەردەم گەشەکردنی نووسینی‌کوردی‌-یەوە ، ئەوەی پەیوەندی بەنەتەوەی کوردەوە هەبووە ،یاخود لەبێگانەو ئیستعمارەوە ؟

وەڵام : لەسەرەتاوە لەبارەی‌نووسینی کوردی‌یەوە ، ووتمان بەر لەپەیدابوونی ئیسلام هیچ‌بەڵگەیەکی باوەڕپێ‌کراومان بەدەستەوە نی‌یە . وە نە سەرەتای پەیدابوونی ئیمپراتوریەتی ئیسلامی‌یەوە ، بەڵام‌بەشێوەیێکی ووردتر بڵێین هەر لەسەردەمی خەلیفە عومەری ئیمپراتوریەتی عەبباسی‌و کوڕی خەتتابەوە تا لەناوچوونی‌دەولەتی میسرو شامی صلاح الدینی ئەیوبی ، خوێندەوارانی‌کورد زۆربەیان پیاوانی ئایینی بوون ، لەژێر تەئسیری ئایینی‌ئیسلامدا بەرهەمە زانستی‌و ئەدەبی‌یەکانیان بە عەرەبی‌نووسیوەتەوەو پەخشیان کردووەو زانایانی زۆرگەورەوبەناوبانگیان تیا هەڵکەوتووە . وە لەپاش دابەشکردنی‌وولاتەکەشیان لە نێوانی ئیمپراتوریەتی عوسمانی‌و ئیراندا نووسین‌وبلاوکردنەوەیان بەزمانی خۆیان لێ‌قەدەغەکراوەوهەوڵو تەقەللایێکی زۆریش دراوە بۆکردنیان بەتورك‌وفارس ، تەنانەت ئەمروش لە تورکیاو ئیراندا نووسین‌و بڵاوکردنەوەو خوێندنی قوتابخانە بە زمانی کوردی تاوانێکی گەورەیە ... کورد لە تورکیا تورکی شاخاوی‌یەو لە ئێرانیش‌واتیرەیەکە لەفارس !! ، ئەو چەند ئیستگەی ڕادیۆیەش کەلەئێراندا بەرنامەی کوردی بڵاو دەکەنەوە بەوناوەوە کە زمانی کوردی شێوەیەکە لەشێوەکانی زمانی فارسی‌و زوربەی ئەوەسازو ئاوازانەش کە لە ئیستگانەدا بڵاو دەکرێنەوەسازی‌و ئاوازی فارسین‌و لە هونەری کوردی دوورن ئەمانەلەهەمووی ئەوە ئەگەیەنن کە میللەتی کورد جلەوی فەرمانڕەوایەتی بەدەستەوە نەبووەو لە دەسەڵاتی سیاسی بێ‌بەش‌بووە . هەروەها کوسپێکی تریش هاتۆتە بەردەم گەشەکردنی‌نووسینی کوردی ئەویش‌ڕۆیمی دەرەبەگی‌بووە ، کە هەرخۆی لەخۆی‌دا دژ بە ڕووناکی زانستو گەشەکردنی ئەدەبو هونەرە .

پرسیاری چوارەم : نووسەرە پێشرەوەکانی کورد کێ‌بوون ؟ وەبە چ هۆیەك نووسینەکانیان بڵاوکردۆتەوە ؟

وەڵام : لێرەدا ناوی ئەو ئەدیبانە نانووسین کە تەنیا شعریان بڵاو کردوتەوە ، بەڵکو هەندێ لەو نووسەرە بەڕێزانە ئەخەینە بەرچاو کە بەهۆی چاپەمەنی‌و ڕۆژنامەگەری‌یەوە بەرهەمەکانیان بڵاو کردۆتەوە کەئەمانەن :

مدحت بەدرخان ، کمال فوزی ، کامەران بەدرخان ، جلادەت بەدرخان ، پیرەمیرد ، حوزنی موکریانی ، صالح زەکی صاحیبقران ، توفیق وەهبی ، محمد أمین زەکی ، محمود جودەت ، مصطفی شوقی ، عبدالواحد نوری ، گۆران ، عەرەبی شامیلۆف ، حاجیا جندی ، ئەسەدی کوردۆ ،احمد گۆبۆ ، قەناتی کوردۆ ، ئوردوخانی جەلیل ، جەمال حەیدەری ، نافع یونس ، ابراهیم احمد ، مامۆستا علاءالدین سجادی‌و گەلێکی‌تر .

پرسیاری پێنجەم : کام گۆڤار یان ڕۆژنامەو کتێبی کوردی‌تان بۆیەکەم جار خوێندەوە ناوەڕۆکی چۆن‌بووە ؟ هەروەها چاکترین گۆڤاری کوردی‌کامەیان بووەو لەبەرچی؟

وەڵام : بۆیەکەم جار لەساڵی ١٩٣٦دا کۆمەڵە هەڵبەستەکەی حاجی قادری کۆیم خوێندەوەو لەپاشان ژمارەیەکم لەژمارەکانی زاری کرمانجی بەدەستکەوت‌و بەوردی خوێندمەوە ، بابەتەکانی‌بریتی بوون لەهەندێ دەنگ‌و باسی کوردستان‌و چەند ووتارێکی کۆمەڵایەتی‌و دەمە تەقێیەکی بایزو باپیرو چەند پارچە شیعرێك دووا بەدووای ئەمە « یادگاری لاوان »و «دیاری لاوان» و « دیاری کوردستانم» خوێندەوە .

وە بەلای منەوە باشترین گۆڤاری کوردی لە هەموو کوردستانا گۆڤاری گەلاوێژبور چونکە دەستەیێکی ڕۆشنبیرو زانا بەڕێوەیان ئەبردو تاکە گۆڤاری کوردی بوو کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٩ وە تا مانگی ئابی ١٩٤٩ ژیا .

گۆڤاری گەلاوێژ پشتێکی لە ڕۆشنبیرو شاعیرانی کورد پێ‌گەیاندو من خۆم یەکێکم کە بەهۆی ئەو گۆڤارەوە کەوتمە سەر ڕێگەی ڕۆشنبیریی .

لە ساڵی ١٩٥٠دا لە بەندیخانەی کووت چەند ژمارەیەکی گۆڤاری گەلاوێژمان لەلا بوو یەکێکیان ژمارەیەك‌بوو لەژمارەکانی ساڵی ١٩٤٦ کە ئەم ووتارەی تیابوو (کالینین مرد !) جا لەبەر ئەوەی ووتارێکی زۆر بە نرخ‌بوو وەرم گێڕایە سەرزمانی عەرەبی‌و لە کۆسوونەوەیەکی گشتی‌دا خوێندرایەوەو لەپاشان دەستاو دەستی پێ‌کراو ژمارەیەکی زۆر لەڕۆشنبیرانی عەرەب خوێندیانەوەو زۆر زۆر بە نرخیان‌کردو لەناوەڕۆکی گۆڤارەکەیان دەپرسی کە ئاخۆ چ جۆزە بابەتێکی تری تیدایە ، وە لەئەنجامدا تێکڕا باوەڕیان وابوو کە گۆڤاری گەلاوێژ نەك هەر گۆڤارێکی زورباشی کوردی‌یە بەڵکوو چاکترین گۆڤارە لەهەموو عیراقدا !!

پرسیاری شەشەم :

بەپێی ئاگاداری‌تان حزبە سیاسی‌یەکان وانا : هیوا ، ڕزگاری ، شۆڕش ، پارتی دیموکراتی کوردستان ، حزبی شیوعی دەوریان لە پەرەپێدانی نووسین‌و ڕۆشنبیری‌ی کوردی چی‌بووە ؟

بروانە ل : -٧-

Institut kurde de paris

پاشماوەی : جاو خشاندنێک ...

عاسمان‌و ڕێسمانە .. لە هەمان کاتیشا من وەك سەرچاوەیەکی باسەکەی خۆم پەنجەم بۆ کتێبەکەی مامۆستا سجادی درێژ کردبوو ، و بە هەموو شانازی‌و سەربلندی‌یەکیشەوە خۆم بە قوتابی‌یەکی مامۆستا سجادی ئەزانم .. دیارە پار ژمارە (٣٢ ساڵی ١٢-١١-٩-٩٧٢ی هاوکاریت نەخوێندۆتەوە کە لە وێ ، ئاشکرا لە ووتاری « خەندەکەی بابی‌و هۆنراوەی ئەمڕۆمان بە شانازی‌یەوە متاسربوونی خۆم بە مامۆستا سجادی ڕوون کردۆتەوە : « من دان‌بەوەدا ئەنێم کە بەبێ ئەوەی خزی هەست پێبکا منی پێ گەیاندووە ، بەڵام ئەم باوەڕەی من هەرگیز تووشی ئەوەم ناکات کە بەشێوەیەکی کوێرانەو بە بێ لێکدانەوەی عیلمی باوەڕەکانی وەربگرم .. » بەڵام وادیارە کاك (رفیق) ئاگاداری ئەوە نەبوبێ .

ئەمانەتی ئەدەبی :

لەبارەی ناوەڕۆکی هۆنراوەی کۆنی کوردی ئەمە لەووبارەکەما هاتبوو : « هۆنراوەی کۆنی کوردی لە ناوەڕۆکا چینێکی تایبەتی کۆمەڵی کوردەواری کردووە کە چینی ئاغا و دەرەبەگ‌و تاقمی میروشێخەکانە .. » کاك رفیق هاتۆتە سەر ئەوڕایە کە گوایە من ئەم ڕایەم لە کاك مکرم طالبانی دزیوە ، کە لە گۆڤاری الثقافة الجديدة ژمارە ١٩)ی ١٩٧٠ ووتارێکی بە ناوی (أی ثقافة نريدها للشعب الكردی» و ئەم شتەی تیاباس کردووە .. بۆ ساغ کردنەوەی ڕاستی‌و ناڕاستی ئەم قسەیە گەڕێ شت هەن :-

١ - بە داخەوە تا ئێستا من ژمارە (١٩)ی (الثقافة الجديدة)م نەدیتووە‌و نەمخوێندۆتەوە ، بگرە هەر ئاگاشم لێ‌نەبووە کە شتێ وا لەوێ بڵاوکراوەتەوە ، چونکە ئەگەر بمزانیایە شتی‌وا هەیە لەوانەیە ووتارەکەی ئەو سوودێکی ببوایە بۆ باسەکەی من‌و منیش بە پەپی شانازی‌یەوە وەك سەرچاوەیەکی ووتارەکە ناوم دەهینا .. لەگەڵ ئەوەشدا من ناڵێم‌و نەموتووە ئەمەم لەگرفانی خۆما دەرهێناوە بەڵکو بیرەکەیم لە گۆڤارانی گەورە وەرگرتووە لە ووتاری « کۆن‌و تازەیی لە هەڵبەستا » کە لە ژمارە(٣١)ی (هیوا) بڵاوکراوەتەوە ، لەوێ پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە لە هۆنراوەی کۆنی کوردی هەر لە دەورو بەری (یارو پیرو مێر) ئەخوڵایەوە . لەو نوختەو مونطە لەقەوە من بۆ باسەکە چوویم‌و ڕوونم کردۆتەوەو نموونەم بۆ هیناوە وە بەو پەڕی سەربلندیشەوە ناوی ووتارەکەی گۆڤارنم هێناوە لەگەڵ سەرچاوەکانا .. جا با کاك رفیق و خوێنەرانیش باش بزانن کە من بیرەکەم لە کاك مکرم طالبانی وەرنەگرتووە بەڵکو ڕاستەو‌خۆ لە گۆڤارنم وەرگرتووە . دەی ! خێر دوور نی‌یە کاك مکرم طالبانی بیرەکەی لە گۆڤارنەوە وەرگرتبێ چونکە گۆڤاران نزیکەی (١٠) ساڵ پێش ئەو، ئەم مەسەلەیەی خستۆتە ڕوو .. ئەگەرچی دووریش نی‌یە کاك مکرم طالبانی ئاگای لەولا هەر نەبێ‌و بەپێی لێکدانەوەو ئایدۆلۆژیەتی خۆی بەم ڕایەگەیشتبێ ، هەر چۆن بێت، ئەو ئاگاداری گۆڤاران بوو بێ یا نا ئەمەندە بەسە کە من بیرەکەم لەسەرچاوەی یەکەمەوە وەرگرتووە کە ووتارەکەی گۆڤارانە .. لێرەدا ڕاستی‌یەك بۆ خوێنەر دەرئەکەوێ ئەویش ئەوەتا کاك رفیق نازانێ کە یەکێ کتێبێ دائەنێ یا ووتارێ بڵاو ئەکاتەوە بۆچی لە دامینەوە ناوی سەرچاوە کان ڕیزئەکا .. ئەگەر ئەم سێرە گەورەیەی دەرك بکردایە کەهەر تەنها بۆئەو سێرە لەپێش ئەوەی ئەم ڕایە ڕەپێش بکاو مۆری نائەمینی لەمو لەوبدا ئەچو یەکە یەکە ئەو سەرچاوانەی ئەهێناو ئەپیشکنین‌و ساغی ئەکردەوە کەئەم قسەیە لەهیچ یەکێ لە سەرچاوەکانا نیە ئینجا ئەهات بەبێ‌ترس‌و دودڵی سەربەرزانە پەنجەی بۆئەو سەرچاوە درێژ ئەکرد کە بەلای ئەوەوە شتەکەی لێ‌ڕەڕگیراوە .

٢ - ڕاستی‌یەکی تر هەیە حەز دەکەم کاك رفیق ئاگاداری‌بێ ئەویش ئەوەیە پێك‌چوونی دوو بیرورا یا دوو دەقی ئەدەبی لەوانەیە یەکێ لەوەی تر وەرگیرا بێ بەڵام مەسەلەکە (حدی) و (حتمی) نی‌یە ، دوورنی‌یە دوو بوسەر یا دوو شاعیر دو زەخنەگر هیچ ئاگایان لێك نەبێت‌و یەکەو شتی وا بنووسن کە کتومت یەك‌شتبێ ، هەر هیچ‌نا سەیری وەسیەتنامەکەی شاعیری ئۆکرانی (شێفچێنکۆ ١٨١٤ - ١٨٦١)و شاعیری کوردی (کوردی ١٨١٢ - ١٨٥٠) بکە کە (هەردووکیاز تامردنیش ناوبانگی یەکتریان نەبیستووە ، لەوانەیە ناوی نەتەوەی یەکتریشیان نەزانیبی - برایەتی ژمارە ١ ١٩٧١ » کە هەردوو وەسیەتنامەکە تا ڕادەیەکی زۆر لەیەك ئەچن‌و وەکو یەکیان تیایە « هەردووکیان هەر بۆیەك مەبەست ڕۆیشتوون ، لەسەردەمێکی تایبەتی نیشتمانەکەیان ، هەردوولا ژێردەست بوون ، ئەو مەبەسە بە نرخ‌و پیرۆزە نیشتمان پەروەری‌و خۆشەویستی میللەتە .. برایەتی » ئایا ئەشێ ئێمە ئێستا لەخۆمانەوە بڵێین (کوردی) شیعرەکەی لە (شێفچینکۆ) دزیوە ، یا ئەو هاتووە وەك (قاوقاوانی) شیعرەکەی کوردی قاوداوەو بردوویە لەوێ بە زمانی خۆی نووسیەتەوە ؟ ئەبێ کاك رفیق چۆن لەمەسەلەکە بگا ، (شێفچینکو) هاتبێتە کوردستان یا (کوردی) چووبێتە ئۆکرانیا ؟!

خۆ ئەگەر هەموو پێنك چوونێك لە یەك وەرگرتن و دزین‌و بەڵگەی بێ‌ئەمانەتی « کۆن‌و تازەیی لە هەڵبەستا » کە لە ژمارە(٣١)ی (هیوا) بڵاوکراوەتەوە ، لەوێ پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە لە هۆنراوەی کۆنی کوردی هەر لە دەورو بەری (یارو پیرو مێر) ئەخوڵایەوە . لەو نوختەو مونطە لەقەوە من بۆ باسەکە چوویم‌و ڕوونم کردۆتەوەو نموونەم بۆ هیناوە وە بەو پەڕی سەربلندیشەوە ناوی ووتارەکەی گۆڤارنم هێناوە لەگەڵ سەرچاوەکانا .. جا با کاك رفیق و خوێنەرانیش باش بزانن کە من بیرەکەم لە کاك مکرم طالبانی وەرنەگرتووە بەڵکو ڕاستەو‌خۆ لە گۆڤارنم وەرگرتووە . دەی ! خێر دوور نی‌یە کاك مکرم طالبانی بیرەکەی لە گۆڤارنەوە وەرگرتبێ چونکە گۆڤاران نزیکەی (١٠) ساڵ پێش ئەو، ئەم مەسەلەیەی خستۆتە ڕوو .. ئەگەرچی دووریش نی‌یە کاك مکرم طالبانی ئاگای لەولا هەر نەبێ‌و بەپێی لێکدانەوەو ئایدۆلۆژیەتی خۆی بەم ڕایەگەیشتبێ ، هەر چۆن بێت، ئەو ئاگاداری گۆڤاران بوو بێ یا نا ئەمەندە بەسە کە من بیرەکەم لەسەرچاوەی یەکەمەوە وەرگرتووە کە ووتارەکەی گۆڤارانە .. لێرەدا ڕاستی‌یەك بۆ خوێنەر دەرئەکەوێ ئەویش ئەوەتا کاك رفیق نازانێ کە یەکێ کتێبێ دائەنێ یا ووتارێ بڵاو ئەکاتەوە بۆچی لە دامینەوە

ـ ماوێتی ـ

پاشماوەی : قانع وشیعری نەتەوایەتی ...

جەهل‌یەك ، بێ‌عەقلی :وو ،دڵ پسی سێ ، داوا چوار
مەنعی پێشکەوتن ئەکەنلەم خاکەمانا چوار گرو
خان یەك ، سەردار دوو ،بەگزادە سێ ، ئاغا چوار
نایەڵن بۆ خۆم ڕەحەتبم سەربەخۆ تاوێ بژیم
ئەجنەبی یەك ، مامە دوو ،ئەقطاعی سێ ، کوبخا چوار

بەم شێوە یە پێدا دەچتە خوارەوە وەك پزیشکێکی زانا دەردەکانی کۆمەلایەتیمان یەکەیەکە لەڕووی سیاسی‌و ئابوری‌و ڕوشنبیری‌و چینایەتی‌یەوە بۆدەژمێرێ .. هەر ئەندازەیەکیش لەبەر خوورەووشتی مەردانەی‌و بیرو باوەری ئازادی خوازانەی لەخاوەن مال‌و سامان ودەستەلاتدار دوور ئەکەوێتەوە ، بە هەمان ئەندازەش لە چینی دروستکەری مێژوو نزیك ئەبێتەوە .. گیانی نیشتمان‌پەروەری وشۆڕشگێری بە جۆشتر دەبێ .

دەلێن ئەوەی بە خۆی لە ناوتاقی کردنەوەی ئازارو چەوساندنەوەی چینایەتی‌و هەزاری‌داژیابێ دلسۆزی بە ئەمەکی چینەکەو نەتەوەکەی ئەبێ .. ئەم ڕاستی‌یە بی‌کەمو زیاد لە قانیع هاتۆتەجێ .. واتە شیعری کردووە بە ناقی کردنەوە ، لەگەڵیا ژیاوە ، بۆیێ‌سۆزێکی بێ‌هاوتاو ڕاستبینو پێشکەوتوانە لە شیعرەکانیدابە چاکی بەدی‌دەکرێ ... هەر ئەمەشە کە قانیعی هێناوەتەریزی شاعیرە گەورەکانی کەلی کورد .

× ×

لە ساڵی ١٩٣٨ زایینی‌دا ئەدووژمنانی گەلی کورد بۆ دامرکاندنی بلێسەی شۆڕشی کورد پەنایان بردە بەر پیلان گێران‌و بەستنی پەیمانی سەعدئابادی شووم ، قانیعی شۆڕشگێر وەك کوردێکی دلسۆزو شاعیرێکی ڕیبازی کوردایەتی هەست بەو قەلاچۆدانە دەکاو ئەڵێ :

دووژمنان لەم ڕۆژەدافیکری چەپەلیان خستەکار
کەوتە خۆ کۆنەپەرست ،بۆ قەلاچۆی کوردەوار
ڕێ‌برانە ، کورد قرانە ،کیوو کەژ خونەاوی‌یە
فتنەوەك ئاگر ئەباری بۆ ئلانی شۆڕە سوار

لە کۆتایی ئەم پارچەشیعرەدا تەنیا بە دامالینی‌پەردە لە ڕووی پیلانەکە وازناهێنی‌بەلکو وەك شاعیرێکی پێشکەوتن‌خواز ئەنجامی پیلانەکەش پێش‌بینی دەکاو دەڵێ :-

هێزی میللەت شۆڕشێکی‌حەق ڕەوا دێنێتەڕوو
تۆلە وەرئەگرێ ، لە سەعدابادی لانەی گورگەهار
قور بپێوی دووژمنی سۆڕقۆڵی بۆ دووارۆژی خۆی
تەخت‌و تاراجی دەرێنی‌لاوی کوردی هۆشیار

× ×

قانیع تەنیا بە شیعرووشەی ئاگرین بەشداری جموجۆڵی نیشتمانی نەکردووەبەلکو بە کارو کردەوەش لە زۆربەی ڕاپەرین‌و شۆڕشەکانی‌پاش شەری جهانی یەکەم‌و دووەم هاوبەشی کردووە ، لەشۆڕشەکانی شیخ مەحمودی نەمردا شاسواری مەیدانی‌نەبەردبووە ، لە کۆماری مهابادا بە خۆو مندا لەکانی لە هەموو کۆرو مەیدانێکا نموونەی لە خۆ بووردن‌و ڕۆشنبیری خەباتی‌کوردایەتی بوون ... لەکاتێکا شیعرەکانی کە لە ڕۆژنامەی‌کوردستان‌دا بلاودەبۆوە .. بە خۆشی سەربازی گیان‌لەسەردەستی ناوچنی چەوساوە بوو بەروون‌کردنەوەی‌هەلوێست‌و قۆناخ ، وانەی نیشتمان‌پەروەری‌و مرۆڤایەتی‌بۆ دادەدان .

لەسەر ئەو خەباتە بێ‌ووچانەلە پێنجوێن‌و شارەروور و کۆماری مهاباد .. بارهاتووشی دەردەسەری‌و ململانی ناسك‌و سەخت ئەبوو .. بەڵام‌هەرگیزاو هەرگیز ئەو کۆسپەو ئەگەرانە ڕێگای خەباتی‌خوێناوی پێ‌بەرئەدا ... کەئاهەت لە قوولایی بەندیخانە-کانیش سروودی سەرکەوتنی لە سەرزمان‌بووە .. بە دلی‌پر لە باوەری پێشکەوتن‌خوازانە مەشخەڵی دووا ڕۆژێکی پر لەئازادی‌و بەختیاری گەلەکەی بەدی کردووە ..

بیری ئازادیم لە زندانا فراوانتر ئەبێ
قور بەسەر ئەو دووژمنەی‌هیوای بە بەندیخانەیە
گرتن‌و لێدان و کوشتن‌عامیلی ئازادی‌یە
تۆپ‌و شەستیرو کەلەپچە لامەوەکو ئەفسانەیە

بەم جۆرە قانیعی شۆڕشگێر بە بیری نوێ ، هیواوەئاواتی ئێمەی بەدۆست ودووژمن پێشاندەوە ... بەئەندازەیەکی باشیش ئالای ئەدەبی شۆڕش‌گیری بەرزکردۆتەوە .

دیارە هەر شاعیرێکی بەتواناو ڕەسەن شێوەیەکی تایبەتی‌ی بەخۆی هەیە لەهەموو لایێنێکی هونەری‌یەوە ، فانعیش سۆزو بیرو خەیال‌و ئەندیشەی ئەکردە کەرستەی کەیشتن بە ناوەڕۆکێك کە تێ‌گەیاندن‌و جۆشانەنی خەباتی کۆمەلایەتی بە چاکی‌و ڕەوانی لە شیعرە-کانیدا ئەگونجاند ، کەسێتی خۆی لە سۆزێکی گەرم‌و بەجۆشدا وە دەرئەخست . بیری تازەی بە زمانێکی ساەدەی‌زۆربەی خەلکا ، بە تایبەتی لە شیعرەکانی نیشتمانیدا لەقالبێکی هونەری پر بەسەتیا دائەڕشت .. هەر چەندە لەشێوەدا زۆر جار لاسایی شاعیرە کلاسیکی‌یەکانی کردۆتەوە بەڵام‌لەلایەن ناوەڕۆکەوە بەڵای منەوە لە هەموانی تی‌یەڕاندوو هەندێ لە شیعرەکانی ڕۆمانتیکی شۆڕشگێرانەیە ، هەندێکیتریان بە بیری ڕاست‌و پێشبینی پێشکەوتوانە پڕی‌ناوەتە قوتابخانەی ریالیزمی‌یەوە .

بێگومان هەر ئەو خۆبەستنەوەو ڕیبازە ڕوون‌و ڕەوانەیە بۆتە هۆی‌سەرکەوتنی قانیع لە شیعرەکانیدا بە جۆرێك لە قۆناخی ئێستاماندابە شاعیرێکی گەورەی میللی بناسرێت .

یەکی لەو کارە گرنکانەی‌قانیع لەپێناو هۆشیار کردنەوەی گەل کردویەتی ئاماژەکاری کردنی مناله‌کانیەتی .. چونکە گومان لەوەدا نیە کەمنالی کوردی لە مناله‌کانی خۆی جیا نەکردۆتەوەو بە ناوی ئەوانەوە وەکو ڕەمزێك ئاماژەکاری تەنەکەی کردووە :-

ڕۆ لە وەسیەت‌بێ کە مردم‌سەیری ئەم ئەشعارەکە
هەفتەیی جاری ئەماشای‌شاوری ئەم گوفتارەکە
باوکی خۆت ڕەفتاری چۆنبووتۆش هەر ئەو ڕەفتارەکە
ڕوو لە قازانجی عەمومی‌پشت لە خاوەن پارەکە
بێرە مەیدانی دلێری‌هەروەکو شێری ژیان
جەرگی دووژمن هەلدرە‌بیرە وەگو تیغی دەبان

... ئاماژەکاریەکانی قانیع درێژو بەسۆزە ، وانەو پەندەکانی پترو بەسۆزترەناتوانین بەم یەکدو لاپەڕە سەرپێیانە مافی خۆی بدەینی‌ئوومێدەوارین لە ماوەیەکی‌ترا بتوانین ئەم ئەرکە پیرۆزە بێنینەدی . لە دووایی‌دا پێویستە بلێین زبانی قانیعی‌بلیمەت هەرگیز لە ئاماژەکاری نەکەوت تا لە ڕۆژی (٦ی مایسی ١٩٦٥)دا نە گوندی «لەنگەدێ» لە ناوچەی شلێر سەری‌نایەوە ..

درووودو سەلاوی پر ڕیزوشانازیمان بۆ گیانی پاکی قانیعی نەمر .

پاشماوەی : ئەدەبی کوردی لە سەدەی ١٩ دا

وەئەوەی شایانی باسە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانیش ڕۆڵێکی گرنگی هەبووەو هەیەتی لەبووژاندنەوەو پەرەپێدانی ئەدەب‌و زمانی کوردی‌دا وە ڕۆژنامەی کوردستان‌و گۆڤاری نیشتمان‌و هەڵاڵەو گۆڤارەکانی تریش دەورێکی باشیان گێڕاو ئیستاش ڕۆژنامەی کوردستان کە ئورگانی کومیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانە دەورێکی باشی هەیە لەخزمەت کردنی زمان‌و وێژەی کوردیدا ، جگەلە بڵاوکردنەوەی هوشیاری نیشتمانی‌و گیانی ڕزگاری خوازی لەنێو کوردستانی ئیراندا .

وەحزبی شیوعی ئەرمەنی‌یەوە ئەمەوەستا دلنزار وەڕاستی‌یەکی تر هەیە حەز دەکەم کاك رفیق ئاگاداری‌بێ ئەویش ئەوەیە پێك‌چوونی دوو بیرورا یا دوو دەقی ئەدەبی لەوانەیە یەکێ لەوەی تر وەرگیرا بێ بەڵام مەسەلەکە (حدی) و (حتمی) نی‌یە ، دوورنی‌یە دوو بوسەر یا دوو شاعیر دو زەخنەگر هیچ ئاگایان لێك نەبێت‌و یەکەو شتی وا بنووسن کە کتومت یەك‌شتبێ ، هەر هیچ‌نا سەیری وەسیەتنامەکەی شاعیری ئۆکرانی (شێفچێنکۆ ١٨١٤ - ١٨٦١)و شاعیری کوردی (کوردی ١٨١٢ - ١٨٥٠) بکە کە (هەردووکیاز تامردنیش ناوبانگی یەکتریان نەبیستووە ، لەوانەیە ناوی نەتەوەی یەکتریشیان نەزانیبی - برایەتی ژمارە ١ ١٩٧١ » کە هەردوو وەسیەتنامەکە تا ڕادەیەکی زۆر لەیەك ئەچن‌و وەکو یەکیان تیایە « هەردووکیان هەر بۆیەك مەبەست ڕۆیشتوون ، لەسەردەمێکی تایبەتی نیشتمانەکەیان ، هەردوولا ژێردەست بوون ، ئەو مەبەسە بە نرخ‌و پیرۆزە نیشتمان پەروەری‌و خۆشەویستی میللەتە .. برایەتی » ئایا ئەشێ ئێمە ئێستا لەخۆمانەوە بڵێین (کوردی) شیعرەکەی لە (شێفچینکۆ) دزیوە ، یا ئەو هاتووە وەك (قاوقاوانی) شیعرەکەی کوردی قاوداوەو بردوویە لەوێ بە زمانی خۆی نووسیەتەوە ؟ ئەبێ کاك رفیق چۆن لەمەسەلەکە بگا ، (شێفچینکو) هاتبێتە کوردستان یا (کوردی) چووبێتە ئۆکرانیا ؟!

خۆ ئەگەر هەموو پێنك چوونێك لە یەك وەرگرتن و دزین‌و بەڵگەی بێ‌ئەمانەتی « کۆن‌و تازەیی لە هەڵبەستا » کە لە ژمارە(٣١)ی (هیوا) بڵاوکراوەتەوە ، لەوێ پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە لە هۆنراوەی کۆنی کوردی هەر لە دەورو بەری (یارو پیرو مێر) ئەخوڵایەوە . لەو نوختەو مونطە لەقەوە من بۆ باسەکە چوویم‌و ڕوونم کردۆتەوەو نموونەم بۆ هیناوە وە بەو پەڕی سەربلندیشەوە ناوی ووتارەکەی گۆڤارنم هێناوە لەگەڵ سەرچاوەکانا .. جا با کاك رفیق و خوێنەرانیش باش بزانن کە من بیرەکەم لە کاك مکرم طالبانی وەرنەگرتووە بەڵکو ڕاستەو‌خۆ لە گۆڤارنم وەرگرتووە . دەی ! خێر دوور نی‌یە کاك مکرم طالبانی بیرەکەی لە گۆڤارنەوە وەرگرتبێ چونکە گۆڤاران نزیکەی (١٠) ساڵ پێش ئەو، ئەم مەسەلەیەی خستۆتە ڕوو .. ئەگەرچی دووریش نی‌یە کاك مکرم طالبانی ئاگای لەولا هەر نەبێ‌و بەپێی لێکدانەوەو ئایدۆلۆژیەتی خۆی بەم ڕایەگەیشتبێ ، هەر چۆن بێت، ئەو ئاگاداری گۆڤاران بوو بێ یا نا ئەمەندە بەسە کە من بیرەکەم لەسەرچاوەی یەکەمەوە وەرگرتووە کە ووتارەکەی گۆڤارانە .. لێرەدا ڕاستی‌یەك بۆ خوێنەر دەرئەکەوێ ئەویش ئەوەتا کاك رفیق نازانێ کە یەکێ کتێبێ دائەنێ یا ووتارێ بڵاو ئەکاتەوە بۆچی لە دامینەوە

ـ ماوێتی ـ

بەرمایی : بەرپە ڕکی ڕەنگین

کو ئەو بخو حوکمی لخوبکەن ، بەڵێ ئیانا وان بو ڕێشتا پێغەمبەری وێت ددیفدا دهێن ، ئو مللەتێ کو ودە خودیت دگرێدای ببەندکێ (دیانەتێ) فە ، ئو باهراپتر بوسولمانیەتیا خو بنەجهە بڕێقە دبر ، ئەفە بونە سیچ کو قەبیل دکر کوێت گوت ئەم ژ ڕێشتا پێغەمبەری نەببنە حاکم لسەر جهێ وان ، هەروەچکو مللەتێ عیراقێ مەلیك لسەر خو قەبیل کرین بنافێ دیانەتێ نەیێ (نەتەوایەتیێ) ژبلی چەند تێگەهشتیا نەبیت دناف مللەتی‌دا ، مللەتی ئەفە دکر دا خودێ‌و پێغەمبەر ژێ دپازی بن ، دابچنە بەحەشتێ حەتا نوکەژی ئەم هندەکا دبینین دبێژن : (نانێ ئەم دخوین دەولەت سەرێ وانە) ، دەمێ بەرێ باهراپتر ژ مللەتا لروژهەلات‌و لرژئافا دگریدای‌بون (بدیانەتێ) فە، بەڵێ دگەل پێژفە جونا مللەتا ڕوژ بڕوژ نافێ (نەتەوایەتیێ) قەومی .. یێ دیاردبێت پتر ، چنکو مللەتا باوەر کر کو بنافێ بەرێ ڕزگار نابن دەستێ زوردارا ، ئو قورتال نابن ژ بەلنگازێ‌و ڕویت‌و ڕوسوابێ ئیت خودان(غایەت‌و مەقصەد)یێ لسەریاخو ئازارو زەحمەتێ و چێدکەن بوی نافی .

نافێ (نەتەوایەتیێ) یێ‌شرینە پتر مروف پێ ڤێکدکەڤن .

ڕەوشت‌و تیتالیت بەرێ دێ هێنە گوهورین بنافەکێ ئی ، مللەتێ ڕوژهەلاتا نافێ دپاژڤەمانیە ، دخەو ، دەنگێ سەربەستیێ ئو ئازادیێ دڕەنگ یێ‌گەهشتیێ ، هندی ئیستعماری پێ چێبویە نەهێلایە سەرێ خو ڕاکەن ژ خەوێ ، گەل وێ ژی کو شوڕشا ئوکتوبەرێ یادەست پێ‌کری لسالا (١٩١٧)ێ ، ئو ڕیا ڕوهن‌کری بو هەمی مللەتا کو مافێ خویێ (نەتەوایەتیێ) بخازن‌و بزاڤێ بکەن دا ڕزگار ببن ژبن دەستێ زوردارا ، ژ سالا (١٩٢٠)ێ وەرە حەتا بەری چەند ساڵەکا ئیستعماری نەهێلایە کو دەنگێ ڤێ شوڕشی بدروستاهی بگەهیتە وان مللەتا ئەوێت پاژڤەمای‌و بن‌دەست ، هەردەم شەڕێ ڤێ شوڕشێ یێ‌کری بنافێ (دینی)و ڕژیما سوشیالیستی یا لبەر دلێ دلسۆزاخ‌و تێنە‌گەهشتیا ڕەش‌کری ، چنکو ئیستعمار د زانیت کو بنافێ دینی نەبیت بچو ڕەنگ‌و ڕویبارا نەشیت شەیرێ فێ ڕژیمێ بکەت ، دبێژیت : ئەفە ڕژیمە یا مروڤێت کافرە یا خرپایایە .. هەر وەچکو یا وان یا (سەیبدا) بەڵێ دگەل بەلاڤبونا تێگەهشتنێ‌و زیدەبونا خاندفانا دێ هێتە زانین کە با دروست کیشکە ، ئو یا مللەتا ڕزگار دکەت‌و نافێ (نەتەوایەتیێ) بلند دکەت‌و دیارێزیت . قوناغا نوکەیا (نەتەوایەتیێ)یەو گەهیا وێ‌یەو دێ هەر پێژفە چیت ، ئو ناڕاوەستیت ، مللەت نامینە ئیخسیرێت هەزرو تەخمینیت ئیستعماری کرینە دسەری ڕا .

بەرمایی : ژرەوشە

ئەف یاریە ژ یاریێت ٩ (گولچکانێ) زفستانێیە لجهێ کوردا ، دهێتە کرن لجهێ گەلەك بەفر لێدکەڤیت لژویا وەلاتی ، دەمێ بەفرا نوی دکەڤیت یانەرم و تەر ، دێ تولاز و لاوێت گوندا ڤێك کەڤن ، کو نەمێر پیرە مێر (هندەك جارا) و بچیك دێ خو کەنە دو بر ، هەر کومەك دێ لرەخەکێ زفیێ - ئان لچولەکی- ئان لناف‌بیستانەکی ڕاوە ستن ، و دێ دەست دەنە بەفرێ هندی چەنگەکی دێ ژێ ڕاکەن و دێ دەنە ئێك دا ببیتە گولمچك‌و دێ بهەردو دەستا وێ بەفرێ ڕاگڤێشنە سەرێك دا گرو فر ببیت دناف تبلادا ، حەتا چاك ڕەق و حولی دبیت‌و دێ هاڤێنە یێ لبەرامبەر وی ڕاوەستای لبەرێ دی یێ زفیێ ، هندی دشێت دێ اهاڤیتێ ناڕێینتێ کابکیرا وی بکەڤیت ، دێ ئێکو دو دەنە بەر گولچکا حەتا دوەستینێن‌ئان دەستێت وان دقەڕمن و گرج دبن ، دبەرڕا دێ دەستێت خو گەرم کەن بهەلما دەڤی ئان دێ دەست گورکا کەنە دەستێت خو ، حەتا نابەینەکا درێژ دێ خوخ بڤێ یاریێ فە مژیل کەن، دەما وەختێ شولێ ئێکی ژ وان هات دێ زەڤیێ هێلیت و دێ چیتە سەر شوان خوە ، ئت مینن دێ بەردەوام کەن حەتا ماندی دبن ئان دەست لێ دقەڕمن . هندەك دارا دێ دەڤی گرن ، ئژی هێژشا دەنە ئێکو دو ، و دێ هەر دانە ئێکو دو بگولچکا ، حەتا د گەهنە ئێکو دو ، هندەك جارا دێ ئەف یاریا گولچکانێ بدیماهە یێڤە دێ بیتە حو لێکدان لسەر بەفرێ ، و دێ مینن بئێکو دوڤە دێ ئێکو دو ئیخن و دێ خر یڤن و دێ بەفرێ دسەر چاڤێت ئێکو دو هوسین حەتا پێکڤە کەرخ دبن ، پاشی دێ دەست ژ ئێکو دو بەردەن و زڤیێ هێلن ودێ بپراینی زڤرنە مال ئان خر ڤەبن لبەر سفکەکێ لبەر کوچکەکێ ئاگر خوش ئان ملەکێ زروکا ئێك ژێت خودان (دوینهە) دانیتە سەر ملێ خو و دێ ئاگرەکێ خوش هەلکەن لجهەکێ ڕەشی و دێ هەمی دەست و پێد خو لبەر کەرم کەن و دێ دەست بنوکتە قەسێت خوش و پێ‌کەنین کەن و دێ بەحسێ ئێکو دو کەن وەکی یاریا گولچکانێ ، ئەڤێ یاریێ (بەبەرقانیا) ی دکەن بەلێ یا بزیان ورەرەرە چنکو گولچکا ڕەق و هشك ژ بری ژ بەرقانیێ دڤەڕەسیت هەرکی‌یێ ڤێ بکەڤیت گەلەك دئێشمینیت و زەحمەتێ لیدەدەت نە وەکی یا دەستانە . بەلێ یاژڤێ نەخوشترو بزەرەر نر شەڕێ بەرانە ببەرقانیا . ئن وەرە یا بریای لجهێ کوردا .

ژ یاریت دهێنەکرن لزفستانا درێژ لکوردستانێ چێکرنا (ڕەنیا) یە ، لسەرێ ئەفراز یەکی بەرەو سەر نشیف دێ گولچکەکا بەفرێ چێکەن و دێ دول‌کەن ، هندی ئەو گولچك بچیت دێ هەر بەفرێ دخو ئالینیت و دێ هەر مەزن بیت، دێ هێت بو جهێ سەر نشیف حەتا دگەهیتە بفێ ژوردانی دێ لعەردەکێ ڕاست ڕاوەستیت پاشی کو هندی نیف مەزەلکەکێ لێدهێت بچیك دێ لدور وەرهێن ، دێ دەنە بەر پنیهنا و دێ کەرا ژێڤەکەن ، ودێ گونا تێکەن ، دێ کەنە مەزەلك و خانیك .

هندەك جارا ژی بچیك دێ خر بنەفە و دێ مروڤێت بەفرێ چێکەن ، پرتێت ڕەژێ دێ بو کەنە چاڤ و دێ کولافا کەنە سەری و جلکا کەنە بەر ، قەلینەکێ دێ دەڤی گرن ، ئژی هێژشا دەنە ئێکو دو ، و دێ تیتن کەن‌و پەلەکێ دێ دانە سەر . ئان ئان دێ تەنیرا چێکەن درێککا دا و دەرپوشەکێ بەفرێ دێ دانە سەر دەری کی‌یێ پێ خو دانیتە سەر دێ قولوپیتە تێدا .

لجهێت سەر نشیف دێ خو لبەفرێ دا دەن و خو خشیمن ، لعەردێت بێ دار و بەر هندەك خو سێهلا و تەشتا دا دخشمینن بەلێ ئەو یا بزەرەرە ، گەلەك جارا دبیتە سەببەب هندەك تێدا دفڕن سەر و دەستو پێد وان دشکێن . لجهێت بەفرین ڕەنی گەلەك زەرەرێ لکوپد و مروف و تەرشی دکەت ، گەلەك جارا مروف و حەیوان ئێ‌مانە دبنڤە ، ئان مالێت خراب کرین ئان گونێت بەرزەکرین .

پاشماوەی : شور شگیریکی کورد ..

ئازاردابوونەوە ، بەڵام ئێستا ئەبەوێت حیساب لەگەڵ تورکەکان بکاڵا بکات چونکە تورکەکان لە سەرەتاوە وا خۆیان نیشاندا بو کە گوایا پشتگیری ئەکەن‌و کەچی لەدوایدا لێی وەرگەڕانەوە ، وە کاتێك داوامان لە سمکۆ کرد کە هەستی ئیرانیەکان زەئاژۆزینێت هەر چەندە تورکەکان مان لە ڕەوانەزو رانیەدەرکرد وە ئیرانیە کانیش هاوکاریان لەگەڵا ئەکەن وە تا ئێستاش بەگژماناداین ، کەچی سمکۆ بەسەرسامیەکەوەونی :- بۆ ئەوە هاتووم کە بەدەنگ مەسەلەی ڕزگاری کوردەوە بێن‌و دژی هەردو دەولەتی ئیران‌و تورکیا بجەنگین . خۆ ئەگەرمنیش لەم داوا کاریەما بە هەڵە چووبم ئەوا داوا ناکەم کە مافی پەنا بەری سیاسیم بدەنێ بەنکو ئەگەڕێمەوە ناوچەکەمان‌و لەگەڵ عەشیرەتەکەما تێهەڵ ئەچینەوە) .

زور نووسەر لە نووسینە کانیانا غەدریان لە سمکۆ کردوە وەبەپێی بەرژەوەندی خۆیان باسیان کردوە ئەمەشتێکی سەیر نیە ، چونکە زۆر جار بە ڕژەوەندی بووەنە هۆی شیواندنی کتیبە میژویی‌کان .. بەڵام کە خوینەر نوسەرەکەی ناسی ئەوا بە ئاسانیش لە ئامانجەکەی ئەگات کە ئاخۆ مەبەستەکەی سیاسیە یان شتێکی میژویی‌یە . کە وابو ئەبێ چاوەڕوانی چی لە حەسەن عەرەفەی سوپاسالاری ئەرتەشی ئیران بکەین کە لە ساڵانی چل‌دا براکەی دەستێکی باڵای هەبێ لە کوژاندنەوەی ڕاپەرینەکەی سمکۆ .. لە کتیبەکەیا کە بە زمانی ئینگلیزی نوسیویە بەم جۆرە باسی سمکۆ ئەکات :-

« داستانی سمکۆ بە یەکەم تەقەڵا دائەنرێ کە لە ئیرانا درا بۆ ئەوەی حوکمێکی زاتی لە ناو چەکەدا بچەسپێنرێت . بەڵام سمکۆی ڕابەر ئارەزووی نەبوودو نەیشتیوانیوە کە بە شیوەیەکی ڕێك‌وپێك ئەم حوکمە دابمەزرێنێ » .

وە لە کۆتاییدا ئەیەوێ وینەیێکی شیواوی کەسایەتی سمکۆ نیشان‌بدا وە ئەڵێ :-

« بەزۆری بە تالان کردن‌و ویران کردن ئاسودە ئەبووە » .

وە سمکۆ بە هۆی ویران کردن‌و تێکدان دائەنێ .. ئینجا خوێنەری خۆشەویست ئەم قەڵەمە ژەهراویانە بەم جۆرە باسی شۆڕشگێرێکی کورد ئەکەن‌کە بەدڵ‌و گیان ئەیویست ئامانجێکی زەتەو

تۆمار

قوربانی روخت‌بم کە
شکستی بەقەمەردا
حەیرانی لەبت‌بم کە
رەواجی بەشمەکەردا

◆

تایەربەگ زۆر شاعیربووە ٠٠ ناوەرۆکی شیعرەکانی لەشیعری بەرلەسەدەی هەژدەهەم ئەچێ بەلام هونەرو نەخشاندنی شیعرەکانی لەهینی شاعیرێکی قوناغی پیشکەوتنی هونەری شیعر ئەچێ ٠٠

لەم دێرە شیعرەی سەرەوەیدا ئەوەی ئاشکرا کردوە کە روخساری جوانی دڵدارەکەی مانگی بەزاندوە وەلیوەکانیشی بووتە هۆی رەواجی بازاری شەکرو شیرینی ٠٠

ئەگەر دڵدارەکەی تایەربەگ بەوجورە جوانیش نەبووبێ سۆزو گودازی خوشەویستی لەدڵی تایەر بەگدا بەجۆرێك ئاگری کردۆتەوە کە تایەربەگ باوەر بەوەبکات دلدارەکەی زۆر لەمانگ جوانترو لیوەکانیشی لەشەکر شیرین‌ترە ٠٠ بەلام ئایا دڵدارەکەی هەستی بەوە کردوە کە جوانی رواڵەتو شیرینی لیوەکانی ئەبێ کرنوش بو هونەری شیعری تایەربەگ بەرن !

— برهان —

لەشیعری شۆڕشگێڕی ئیسپانیا

جیهانی گێلکەکانم ، ئەمڕۆکە دیدەکانیان بڕ کردوم
ئەوەم بەسە هەر چەندە ئەیڕواغێ گەورەتر ئەبێ
گۆیم لە بانگەوازی لەوەڕگاسەوزەکانە
ئەی درەختە بەرزەکان دەنگی ئێوەش ئەبیستم
لە ئێوارەدا بێ‌هودە ئەگەڕێم لەدوت
باڵندەکان بێ‌دەنگ‌و گەلاکان بێ سروەن
ئەم بێ‌دەنگیە کوشندەیم لە سەر لیو
ئەتوانیت وردوخاشکەیت
کاتی وەك ئەو دار گوێزە بەتینە

ئەوانیم خۆ ڕاگرم‌و کۆتنەدەرانە چوڵەم بینەکرێت
ئەو کاتە گشت چۆلەکەکان دین بۆ لام
تا لەسەر چڵەکانم هێلانەکانیان دروست بکەن
جۆگای ئاوەکان بەرەو ڕەگە کانم ئەکشان
ئەگەرچی نوستبوش ،
لەسیێتێ بێ‌گەردەکەیدا
ئەو (ئیسپانیا) یەم ئەبینی
کە تێی دورم ٠

گۆرینی نوری حەیران

داهاتی نوێ :

● ئەندازیارێکی ئوسترالی لەناوی ـ ئەدوارد برتیشاد ـ ە مەکینەیەکی نوێی بۆ ئوتومبیلێك دروست کردوە کە بە هەڵم ئیش‌بکات ، لەجیاتی بەنزین ٠ ئەم تاقی کردنەوەیە سەرکەوتوەو ئەبێتە هۆی ئەوەی هەوا لەپیس بون بپارێزرێ ، سەرەڕای ئەوەی هیزی ڕوشتنی ئوتومبیل بەمەکینەی هەڵم لەسەرخۆترە ئەبێ‌و ئەمەش لەئاوساتی هەڵگەڕانەوەو زیانەکانی ترئەگاوبان دورئەخاتەوە ٠

یادی ٣٠٠ ساڵەی کۆچی دوایی « مۆلێر »

● ١٧ی ئەم مانگە ٣٠٠ ساڵ ڕائەبورێ بەسەر کۆچی دوایی شانۆ نوسی هەرە بەناوبانگی فەرەنساو دنیا « مۆلێر » ٠ بەم بۆنەیەوە لەفەرەنسا کاروباری پێویستی لەلایەن هەمو دەزگا هونەریەکانەوە دەستی پێ‌کردوە بۆ یاد کردنەوەی مولێرو زۆر لە شانویەکانیشی لەو ڕۆژەدا لەسەر شانۆکانی ئەوروپا پیشان ئەدرێن ٠

« مۆلێر » بەرهەمەکانی بە ٢٧ زمان وەرگێڕراوە ، لە جیهانی شانۆگەری کوردیشا زۆر جار بەرهەمی ئەم نوسەرە پێشکەش کراوە ٠

(پێکاسۆ یەکێکە
لەهەرە هونەرمەندە
بە تواناکانی ئەم
چەرخە ،
هونەرەکەی‌و ژیانی
تایبەتی خۆی
لێکولینەوەو بینەو
بەرەیەکی زۆری
لەسەر کراوە ،
لەسەرەتای مانگی
ڕابوردوشا ، ئەم
هونەرمەندە مەزنە،
یادی ٩٠ ساڵەی
لەدایك بونی
کردەوە ، بەم
بۆنەیەوە ئەم
چەند دێرە
دەربارەی پیکاسۆ
پێشکەش ئەکەین)

پیکاسۆ

٩٠ ساڵ خۆشەویستی و هونەر

پیکاسۆوە هونەروخۆشەویستی‌و ماڵ لە زۆر نیشانەو پیاهەڵدانی تر گرنگ‌ترە ٠

● ئەم هونەرمەندە مەزنە توانی گۆڕانێکی گەورە بەسەر میژوی هونەری تەشکیلی‌و پەیکەرتاشیا بهێنێ ٠

● ئەمجارەش کە یادی ٩٠ساڵەی لەدایك بونی پیکاسۆ کرایەوە ، — ژۆرژ پۆمپیدۆی سەرۆکی فەرەنسا ، ئەو پیشانگایەی کردەوە کە لەمۆزەخانەی — لۆفر — بۆ پیشاندانی بەرهەمەکانی پیکاسۆ ڕێکخرابو ٠

● ئەمڕۆش پیکاسۆ کەتەمەنی گەیشتوتە ٩٠ ساڵ هیشتا وزەو توانایەکی سەرسورهێنەری تیاماوە ، شەو ڕۆژ لە ستودیو خەریکی وێنەکێشان‌و پەیکەرتاشینە ،

(ساتێك نیە لەژیانما بە فیڕۆم دابێ ، من بیر لە هیچ ناکەمەوە تەنیا هونەرەکەم‌نەبێ ، شەو ڕۆژ لەستودیو بەسەر ئەبەم ، ئەمەوی هەرئیش‌بکەمو ئیش‌بکەمو ئیش‌بکەم ٠٠!)

● لە ساڵی ١٩٧٠وە بۆ ١٩٧١ پیکاسۆ لە دوو سەد تابلوی نوێی زیاتر دروست‌کردوە ، بێجگە لە پەیکەر تاشین ، گەورەترین بەرهەمیشی چەند تابلویەکی بەزنجیرەیە کە لەژیانی هونەرمەندی ناسراو دیجا وەری گرتوەوناوی ناوە — جەژنی لەدایك بونی مەدام—

● وە لە ساڵی ١٩٦٩ بەشی‌سێ هۆڵی گەورە تابلۆی بۆ کۆشکی — پاپاکان — لەشاری‌ئەفیون — لەخواروی فەرەنسا دروست کردوە ٠

● لەساڵی ١٩٠٦ دا پیکاسۆ تابلۆیەکی دروست کرد کەناوی نا (کچێکی بچکۆلەی وەك گۆل) بە هەزار حال فرۆشتی بەئبراهیمی بازرگان‌و تەنیا ٣٠ دۆلاری‌دایە دەست ، هەمان تابلۆ دووساڵ لەمەو بەر بە ملیون‌ونیویك دۆلار لەلایەن‌موزەخانەی هونەری نوێ وە لە نیویورك‌کڕرا ٠ تابلوی وای هەبوە لە دوو ملیون دۆلاری زیاتر پێ‌دراوە ، ساڵی ١٩٦٧ تابلوی (ئافرەت‌و منالێکی لەرۆخی‌دەریا)ی دروست کرد وە فرۆشتی بە ٥٣٢ هەزار دۆلار٠خۆی ئەڵی ٠

● لە ساڵی ١٩٤٠ وە بۆ ١٩٥٠ پیکاسۆ ئەستێرەیەکی گەشە داری بیری پێشکەوتن‌خوازبو وەلەو ماوەیەدا دوو جار مەدالیای ئاشتی‌خوازی‌لینینی خەلات‌کراوە ٠

« جاکلین » ٠٠ پیکاسۆدەساڵە ئەم ژنەی هێناوە

● جەژنی لەدایك بونی پیکاسۆ ، جەژنێکی نەتەوایەتیە لە دوو وڵاتی گەورەی‌ئەوروپادا ، فەرەنساو ئەسپانیا سەرەڕای ئەوەی ، لەهەمووپایتەختەکانی هونەری دنیا بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ ئەگێڕی‌بەڵام ، بەلای پیکاسۆ خۆیەوە جەژنی لەدایك بونی هەواڵێکی ناخۆشەو روداوێکی پەستکەرە !٠

● ئەمساڵ ، پیکاسۆ یادی‌لەدایك بونی ٩٠ ساڵەی بەتەنیا کردەوە ، لەگەڵ(جاکلین ڕۆکس ژنیا بەلای

لەدەرەوەی سنور

دەربەدەرەکانی بەریتانیا

● ڕۆژنامەی — دیلی مێل—ی‌بەریتانیایی بڵاوی کردەوە کە لە ئەنجامی سەرژمارەیەکدادەرکەوتوە ١٥٠ هەزار کەس لەبەریتانیا بەشەو لەسەرشەقامەکانا ئەخەون چونکە بێ‌ماڵ‌و جێگان !

× ×

بەگاز لوتی ژنەکەی ئەقرتێنێ

● کابرایەك ناوی —ژاکوان‌ئەلبرتۆیەو تەمەنی ٥٢ساڵە ، لەگەڵ ژنەکەیا دەمەقاڵیەکی گەورەی بوەو گەیشتوتە ئەوەی پەلاماری ژنەکەی داوەوبەگاز لوتی قرتاندوە ٠ دادگای شاری — شارتر — لەفەرەنسابەرامبەر بەم تاوانە فەرمانی دەرکردووە ، ژاکون ساڵیك‌بەندبکرێت ٠

× ×

هەر جارەی نوسینێك ●●●

● بۆچونێکی راست لە ناحەزێکەوە !

بەبۆنەی تێشکانی ئەمەریکالەڤێتنام‌و خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو تەنگوچەڵەمەی نابوری‌وڕۆلاری ئەمەریکا‌و ، گفتوگۆی بازرگانێکی سلەیمانیم بیرکەوتەوە کە بیست ساڵ لەمەوبیش لەنێوان من‌و ئەودا کراوە ٠

ئەوسا هەموو پارتی‌وریکخراوەکانی کوردستان بزوتنەوەی کوردەواری‌یان بەبەشێك لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی‌و سۆشیالیستی‌دنیا ئەزانی‌وە هەموو پارتی‌و ریکخراوەکان بەرگری‌یان ئەیەکیتی سۆڤییەت ئەکرد ، سەیارەت بەوەی یەکیتی سوڤیەتیان بە پێشڕەوی شۆڕشی پرولیتاریای دنیاوسۆشیالیستی عیلمی ئەزانی‌و لەوبروایەشدا بوون کە کوردایەتی بێ‌دوستایەتی ئەم دەوڵەتە مەزنە سۆشیالیستی‌یەبە ئەنجام ناگات ٠

سەرەڕای ئەوەی رای گشتی گەلی‌کورد وابو تاکو تەرا هەبوون سۆشیالیستی‌یان بەخراپ ئەزانی‌و دوژمنی‌یەکیتی سوڤییەت بون‌و حەزیان بەدوستایەتی ئەمەریکا‌و وڵاتانی روژئاوا ئەکرد ٠ ئەم بازرگانەکوردەی سلەیمانی یەکیك بو لەم روژناوا دۆستانە ٠ روژێك‌وەکو یەخە پێ‌گرتن یەخەی گرتم‌و لێی پرسیم ئێوە بۆیەکیتی سوڤییەتتان خۆش ئەوێت‌و بۆچی خۆتان بەسۆشیالیستی‌و کۆمونیستی‌دا هەڵواسیوە ! ئەگەر چاك بونایەلە ئەمەریکا دەوڵەمەندترئەبون دەوڵەمەندی ئەمەریکا نیشانەی‌ئەوەیە ریژێمی ئەوان چاکترە ! لەدوای هەندێ گفتوگۆکردن وپەرچ دانەوەی سوکە هەناسەیەکی هەڵکیشاو دوای بیرکردنەوەیەکی کەم وتی « من ئەزانم ئەمەریکا دەوڵەمەندترو بەهێزترە لەروسیا وە ئەمەریکا بیەوێت لە ماوەیەکی کەمدا روسیا لەناو ئەبات‌و ئیشتراکی‌یەت لە روسیا ئەروخێنێ بەلام ماوەیەکی‌ژۆری پێ ناچێت فیکری ئیشتراکی لەئەمەریکا خۆیدا سەر هەڵئەدا ئەوەو ئەوسا ئەمەریکا ئەبێت‌بە ئیشتراکی کە گەلێك لە روسیا بەهێزتر ئەبێت : »ئابەم جۆرە بازرگانەکەی سلەیمانی بەسلیقەیەکی دیالەکتیکیانە بیری لە ئەمەریکا ئەکردەوەو هەر بەم جۆرە بیرکردنەوەیەش پاکانەی بۆ ئەمەریکا ئەکرد کە بۆچی ئیشتراکیەت لە روسیا لەناو ئاباتە ٠

جا هەر چەندە ئەو ئەروی‌دوژمنانەوە مەسەلەکەی شی ئەکردەوە بەڵام باش بوناوەڕۆکەکەی چوو بوو ئەویش کە تێك‌شکانی رژێمی‌سەرمایەداری‌و ئیمپریالیستی‌یە وە ئەم تێ‌شکانەی ئەمەریکا لەمەیانی‌جەنگ‌و ئابوری‌دا ئەو بۆچونە راستە ئەسەلمینی !٠

ئاوش

ئاوش

نەوت و خوێن

سێ

ئامادەکردنی حەمەئەمین

پاش ئەوەی ئەمەریکا هەستی بەوە کردوە کە بەرهەمی نەوتی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو کزی ئەڕوات وە نانوانی پێویستیەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە ، ئێستەش‌و هەر لە کۆنیشەوە کەوتوتە هەڵپەو پیلان گێڕان لەو وڵاتانەدا کە نەوتیان تیایەو تاکوبیان‌کەن « بە وڵاتانی نەوت‌و خوێن » لەوریگایەوە نۆکەرو بەکرێ گیراوەکانی خۆیان بهێننە سەر حوکم‌و ئینجا نەوتەکانیان بەباشی تاڵان کەن ، ئەوەتا سەرمایەدارەکانی ئەمەریکاو نوکەرەکانیان خوێنی گەلی ئەندەنوسیایان رشت بۆ ئەوەی نەوتەکەی بدزن ، لەم چەند ساڵانەی دوایدا ئەوە سەرمایەدارانە سەریان ژەندۆتە ناو جەرگی گەلی ئەندەنۆسیاوەو دەستی تاڵانیان بودریژکردون‌و نەوتەکەیان زەوت کردون ٠

(کونستون — کالتکس)کە کومپانیایەکی نەوتی ئیحتکاری ئەمەریکاییە ، ئیستە لە ئەندەنوسیانەوتی ٥٥٠ بیەر دەرئەهێنێ هەر ئەم کومپانیایە لەدێی (دۆمایە) بەندەرێکی گەورەی دروست کردوە بۆ لەنگەرگرتنی پاپوری گەورەی واکەیەکی ١٥٠ هەزار تەن نەوت هەڵگرن ، وە لەو شوینانەوە کە نەوتی لێ دەرئەهێنن لوڵە نەوتیکیان راکێشاوە بۆ سەر بەندەرەکە هەر ڕۆژی ٩٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاوی بیا ئەروات وە هەروەها (کالتکس) لەسەدا هەشتای نەوتی ئەندەنۆسیا ئەدزێ‌و تاڵان ئەکات وە دوو ساڵ لەمەوبیش ئەم کومپانیایە بەرنامەیەکی داناوە بۆ دەست بەسەرا گرتنی زیاترو فراوان کردنی دەسەڵاتی لەهەموو رویەکی پیشەسازی نەوتەوە ، وە هەر لەو بەرنامەیەدا هەیە کە لوڵلەیەکی گەورەترو فراوان‌تر رابکێشن‌و چەند عمارێك دروست بکەن کە پێنج ملیون بەرمیل نەوت بگرن ، دیسان سەرمایەدارەکانی ئەمەریکا بیریان لەوەش کردۆتەوە کە دروست کردنی پیشەسازی نەوت لە وڵاتانی نەوت‌دا زۆری تێ ئەچی‌و لەوانەشە هەندێ خەڵکی ئەو وڵاتانە کەلکی لێ‌وەرگرن لەکوبونەوەیەکدا کە لەم دواییەدا بەستیان لەبەینی هەمو زاناو پسپورەکانی نەوت‌و ئیستخباراتی مەرکەزی‌وە بریاریان داوە کە نەوت هەر بەخاوی‌و بە لوڵلە رای بکێشن بۆ ئەمەریکا ٠

چاپکی‌اوی نوێ

گۆفاری بەرەو روناکی

گۆفارێکی وێژەیی‌و ڕۆشنبیری گشتی‌یە ، ئیژنەی زمان‌و وێژەی کوردی خوێندنگای ناوەندی گەلاڵەی کوڕان دەری ئەکات ، ژمارەی دووی کەوتە بازارەوە ، دانەیەکیان بەدیاری بو هاوکاری ناردووە سوپاسی هەڵسورێنەرانی ئەم گوفارە ئەکەین هیوادارین لەپیشکەوتنابیت ٠

سمکۆلی ئەهریمەن

سمکۆلی ئەهریمەن دووهەم بەرهەمی چیرۆك نووس « کاکە مەم بۆتانی »یە بەم زووانە دەرئەچێ ، وە کاکە مەم بەرهەمی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکێك بو لە کۆتایی ١٩٦٩دا بەناونیشانی « بومەلەرزە لەگۆمی مەنگا » دەرچوو

سێ چیرۆك‌نوس

بەم زووانە بەناونیشانی « چەکەرە » کۆمەڵە چیرۆکێکی کوردی ئەکەوێتە دەست خوێنەران ، ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بەرهەمی سێ چیرۆك نوسە کە بریتین لە : سەلام مەنمی ، روءف حسن ، فوئاد محمد امین ٠

●

لە گەرووی مەرگەوە

کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆك نووس کاك (کاهر صالح سعید)ە بەم نزیکانە ئەکەوێتە بازارەوە ٠

Institut kurde de paris